هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
سکولی زمان
بەشی زمانی کوردی

# دۆخ لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

بروا ڕەسول ئەحمەد

پێشکەشی (فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان)ی زانکۆی کۆیەی کردووە، و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر

٢٧١١ی کوردی
٢٠١١ی لەدایکبوون

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( زۆر باش ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی پێبدرێت.

پ. د. یوسف شەریف سەعید
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٢ / ١١ / ٢٠١١

پ. ی. د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
ئەندام
ڕۆژ: ٢١ / ١١ / ٢٠١١

پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٢ / ١١ / ٢٠١١

پ. ی. د. تالب حوسێن عەلی
ئەندام
ڕۆژ: ٢٢ / ١١ / ٢٠١١

لە لایەن ئەنجوومەنی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، پەسەندکرا.

پ. ی. د. عبدالباری مجید المدرس
ڕاگری فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
ڕۆژ: / / ٢٠١١

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی باوکم.
- سۆز و میهرەبانی دایکم.
- خوشك و براکانم.
- هاوسەر و جگەرگۆشەکەم.
- دڵسۆزانی نەتەوەکەم.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، کە هەلی خوێندنی بالآی بۆ ڕەخساندم.
- د. سەباح ڕەشید، کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەی کردم و هەموو توانا و شارەزایی و دڵسۆزی خۆی پێ بەخشیم.
- د. عومەر محمود، کە هاوکارێکی گەورەم بوو لە پەیداکردنی سەرچاوە و کتێبخانەکەی خۆی بۆ والآ کردم.
- د. شێرکۆ حەمەئەمین، کە لەم لێکۆڵینەوەیە و چەند قۆناغێکی خوێندنمدا هاوکار و پشتیوانم بووە.
- هەموو ئەو کەسانەی هاوکارم بوون لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ئاوەڵناو | Adj |
| بەرکار | O (obj) |
| بکەر | S (sub) |
| بکەری لابراو | Pro |
| تێنس فرەیز | TP |
| تیۆری دەسەلآت و بەستنەوە | GB |
| دەچێت بۆ | ← |
| دۆخی بەرکاری | Acc |
| دۆخی بکەری | Nom |
| ڕستە | ڕ |
| ڕێك نەکەوتن |  |
| ڕێککەوتن |  AGR  |
| ڕێککەوتنی فرەیز | AGRP |
| سێتا (ثیتا) | ø |
| شێوەی فۆنەتیکی | PF |
| شێوەی لۆجیکی | LF |
| فرەیز بە گشتی | XP |
| فرەیزی تەواوکاری | CP |
| فرەیزی بەند | PP |
| فرەیزی دیار خەری | DP |
| فرەیزی کات و کەس | IP |
| فرەیزی کاری | VP ف. ك |
| فرەیزی نادروست | *NP |
| فرەیزی ناوی | NP ف. ن |
| کات و کەس | INFL |
| کار | V |
| - ناو | N- |

| | |
|---|---|
| + ناو | N+ |
| پریپۆزیشن | P |
| نووسەك | نو |
| هێمای ڕستەی ناڕێزمانی | * |
| دیاریکار | (Specifier)Spec |
| باری کارەکان | ‘ V |
| باری تێنسەکان | ‘ T |

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| Deep structure | ئاستی ژێرەوە |
| Surface structure | ئاستی سەرەوە |
| Preposition | پریپۆزیشن |
| Abstract | ئەبستراکت (نابەرجەستە) |
| Collective nouns | ئەو ناوانەی کۆ دەنوێنن |
| Adpositional | بەبێ شوێن |
| positional | بەپێی شوێن |
| Speech Act Participant "SAP | بەشداربووانی قسەکردن |
| Psycho- Subject | بکەری دەروونی |
| Grammatical Subject | بکەری ڕێزمانی |
| Logical Subject | بکەری لرجیکی |
| Caseless | بێ دۆخ |
| Unmarked | بێ نیشانە |
| Checking | پاساودان |
| Minimalist Program | پرۆگرامی بچووککراوە |
| Predicate | پریدیکات (گوزارە) |
| Movement | جوڵان |
| Possessive | خاوەنداریێتی |
| Of-insertion | خستنە نێوانی Of |
| Government | دەسەڵات |
| Government-Binding | دەسەڵات و بەستنەوە |
| Case Preservation | دۆخ پاراستن |
| Allative Case | دۆخی ئاراستە |
| Aversive Case | دۆخی مەترسی |
| Essive Case | دۆخی ڕاگوزەر |
| Objective Case | دۆخی باس |
| Vocative Case | دۆخی بانگکردن |

| | |
|---|---|
| Null Case | دۆخی بەتاڵ |
| Accusative Case | دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| Dative Case | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| Nominative Case | دۆخی بکەری |
| Inherent case | دۆخی بنجی |
| Genitive Case | دۆخی خستنەپاڵ |
| Structural Case | دۆخی ڕۆنانی |
| Path Case | دۆخی ڕێڕەو |
| Source Case | دۆخی سەرچاوە |
| Locative Case | دۆخی شوێن |
| Lexical case | دۆخی فەرهەنگی |
| Temporal Case | دۆخی کات |
| Agentive Case | دۆخی کارا |
| Abassive Case | دۆخی نادیار |
| Non- Structural Case | دۆخی ناڕۆنانی |
| Comitative Case | دۆخی هاوڕێیەتی |
| Goal Case | دۆخی ئامانج |
| Instrumental Case | دۆخی ئامێر |
| Gender | ڕەگەز |
| Theta Role | ڕۆڵی واتایی |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Agreement of Proximity | ڕێککەوتنی نزیکی |
| Notional Agreement | ڕێککەوتنی واتایی |
| Incorporating Language | زمانە تێکچڕژاوەکان |
| Isolating (analytic) Language | زمانە دابڕاوەکان |
| Infixing Language | زمانە ناوگرییەکان |
| Agglutinative Language | زمانە نووساوەکان |
| Inflecting Language | زمانە ئەرکییەکان |
| Synthetic Language | زمانی ئاڵۆز |
| Universal | سەراپا |

| | |
|---|---|
| **Trace** | **شوێنپێ** |
| **Copula verb** | **کاری بەستنەوە** |
| **Transitive verb** | **کاری تێپەڕ** |
| **Complex Transitive verb** | **کاری تێپەڕی ئاڵۆز** |
| **Intransitive verb** | **کاری تێنەپەڕ** |
| **Ditransitive verb** | **کاری دوو بەرکاری** |
| **Causative verb** | **کاری هۆیی** |
| **Sub-categorization** | **لقە کەتیگۆری** |
| **Theta criterion** | **مەرجی سێتا** |
| **Uniformity Condition** | **مەرجی هاوڕێکی** |
| **ill-formed** | **نادروست** |
| **Demonstrative** | **ناوی ئاماژە** |
| **Marked** | **نیشانەدار** |
| **Gender Signals** | **نیشانەکانی ڕەگەز** |
| **Category Selection** | **هەڵبژاردنی کەتیگۆری** |
| **Semantic Selection** | **هەڵبژاردنی واتایی** |
| **Proto Indo European PIE** | **هێندۆ ئەوروپی ڕەسەن** |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | ٢ |
| **بەشی یەكەم: دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا** | ٥ |
| **١/ سەرەتا** | ٥ |
| ١-١ چەمك و پێناسەی دۆخ | ٦ |
| ١-٢ دۆخ و پۆلی زمانەكان | ٨ |
| ١-٢-١ زمانە دابڕاوەكان | ٩ |
| ١-٢-٢ زمانە نووساوەكان | ١٠ |
| ١-٢-٣ زمانە تێكچڕژاوەكان | ١١ |
| ١-٢-٤ زمانە ئەركییەكان | ١١ |
| ١-٢-٥ زمانە ناوگرییەكان | ١٢ |
| ١-٣ نیشانەكانی دۆخ و گۆڕانی فۆنەتیكی | ١٣ |
| ١-٤ ڕەگەز | ١٥ |
| ڕەگەزی سروشتی | ١٥ |
| ڕەگەزی ڕێزمانی | ١٦ |
| ١-٤-١ نیشانەكانی ڕەگەز | ١٦ |
| ١-٤-١ جیاكردنەوەی دۆخ و ڕەگەز | ١٩ |
| ١-٥ دۆخ لە بواری ڕێككەوتندا | ٢١ |
| ١-٥-١ جۆرەكانی ڕێككەوتن | ٢٥ |
| ١-٥-١-١ ڕێككەوتنی ڕێزمانی | ٢٥ |
| ١-٥-١-٢ ڕێككەوتنی واتایی | ٢٧ |
| ١-٥-١-٣ ڕێككەوتنی نزیكی | ٢٩ |
| ١-٦ دۆخ لە زمانە ئێرانییەكاندا | ٢٩ |
| ١-٦-١ دۆخ و ژمارە | ٣٠ |
| ١-٦-٢ دۆخ و كەس | ٣١ |
| **بەشی دووەم: دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا** | ٣٣ |
| **٢/ سەرەتا** | ٣٣ |
| **دۆخی ئەبستراكت** | ٣٣ |
| ٢-١ دۆخی ناڕۆنانی | ٣٥ |

٢-١-١ دۆخی فەرهەنگی ٣٦
٢-١-٢ دۆخی بنجی ٣٦
٢-١-٢-١ دۆخی خستنەپاڵ ٣٧
٢-١-٢-٢ دۆخی کارتێکراو (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ٣٩
٢-٢ دۆخی ڕۆنانی ٤١
٢-٢-١ دۆخی بکەری ٤٢
٢-٢-٢ دۆخی بەرکاری ٤٢
٢-٣ پاڵێوەری دۆخ ٤٣
٢-٤ پێدەری دۆخ ٤٥
٢-٥ دۆخ و ڕۆڵی بابەتانە ٤٨
٢-٥-١ هەڵبژاردنی واتا ٤٩
٢-٥-٢ هەڵبژاردنی کەتیگۆری ٥١
٢-٦ دۆخ لە پرۆگرامی بچووککراوە ٥٢
٢-٦-١ گرینگترین پێکهێنەرەکانی پرۆگرامی بچوککراوە و ئامانجەکانی ٥٣
٢-٦-٢ میکانیزمی کارکردنی دۆخ لە پرۆگرامی بچووککراوەدا ٥٥
٢-٦-٣ بوارەکانی تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی GB و پرۆگرامی بچووکراوە ٥٥
بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی دۆخ لە زمانی کوردیدا ٥٩
٣/ سەرەتا ٥٩
٣-١ دۆخ وەکو نیشانە ٥٩
دۆخی بکەری ٦٠
دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ ٦٠
دۆخی کارا ٦١
بکەری ڕێزمانی ٦٣
بکەری لۆجیکی (واتایی) ٦٤
بکەری دەروونی ٦٥
دۆخی خستنەپاڵ ٦٥
دۆخی ئامێر ٦٦
دۆخی کارتێکراو (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ٦٨
دۆخی بانگکردن ٦٨
دۆخی باس ٧٠
دۆخی شوێن ٧١
دۆخی سەرچاوە ٧١

دۆخی ئامانج ٧٢
دۆخی هاوڕێیەتی ٧٢
دۆخی کات ٧٣
دۆخی ڕێڕەو ٧٣
دۆخی ئاراستە ٧٣
دۆخی ڕاگوزەر ٧٤
دۆخی نادیاری (غیاب) ٧٤
دۆخی مەترسی ٧٥
٣-٢ دۆخ وەکو ناوەڕۆك ٧٥
٣-٢-١ دۆخی تەواوکاری گوزارەیی ٧٧
٣-٣ ڕەگەز (نێر و مێ) لە زمانی کوردیدا وەکو نیشانەی دۆخ ٧٨
٣-٣-١ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بکەریدا ٧٩
٣-٣-٢ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بەرکاریدا ٨٢
٣-٣-٣ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا ٨٦
٣-٣-٤ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی خستنەپاڵدا ٨٧
ئەنجامەکان ٩٠
سەرچاوەکان ٩٣
خلاصة البحث ٩٧
Abstract ٩٨

# پێشەکی

# پێشەکی

## ناونیشان و سنووری نامەکە:

ئەم نامەیە (دۆخ لە زمانی کوردیدا)، لە سنووری زمانی کوردیدایە و لە ئاستی شیکردنەوەیەکی مۆرفۆسینتاکسیدایە، هەرچەندە جەختکردن لەسەر زاری کرمانجی ناوەڕاستە، و بۆ سەلماندنی هەبوونی دۆخ لە زمانی کوردیدا، نموونە لە زار و شێوەزارەکانی دی هێنراونەتەوە.

## کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیدا کێشەی دۆخی نیشانەدار (دۆخی مۆرفۆلۆجی) و کێشەی دۆخی بێ نیشانە (دۆخی ئەبستراکت) دەوروژێنێت و دۆخ دەخاتە بەر پێوەری پۆلی زمانەکان لە ڕووی کزی و لاوازی دۆخی نیشانەدار، هەوڵ بۆ ئەوە دەدات دۆخ وەکو دیاردەیەکی مۆرفۆلۆجی زمانەوانی سروشتی لەو دۆخە دەستکردە جیا بکاتەوە، کە تیۆرەکانی زمان لە زمانەوانی نوێدا دایانهێناوە و بە ئەبستراکت ناوی دەبەن.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو ڕێبازەی لە شیکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەو کراوە، هەوڵێکە بۆ بە ئێستایی کردنی شیکاری مێژوویی دۆخەکان لە بەشێکیدا و شیکردنەوەیەکی وەسفی لە بەشێکی تردا، چونکە لە دیاردەیەک دەکۆڵینەوە هەندێك ئاماژەکار و پاشماوەی لێ بەجێ ماوە.

## ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە دوای ئەم پێشەکییە کورتە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

لە بەشی یەکەمدا کە ناونیشانی (دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا) هەڵدەگرێت، دەکرێت وەکو لایەنێکی تیۆری دۆخ و ڕەوش و گەشەکردنی دۆخ لە هەبوونەوە لە زمانەکاندا ڕووەو

کاڵبوونەوە و لەناوچوون سەیر بکرێت. ئەم بەشە لە چەند باسێك پێکهاتووە و تیایدا چەمك و پێناسەی دۆخ ڕوونکراوەتەوە و ئەو کارلێك و گۆڕانانە باسکراون کە بەهۆی ڕەوتی مێژوویی دۆخەوە بەسەر کەرەستەکانی ڕستەدا هاتوون.

لە بەشی دووەمدا کە بە ناونیشانی (دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا)یە، بەپێی تیۆرە ڕێزمانییە نوێیەکان باس لە دۆخ کراوە و ئەو حاڵەت و پێوەر و مەرجانەش خراونەتە ڕوو کە پێویستن بۆ پێدانی دۆخ بە فرەیزەکان، هەر لەم بەشەدا باسێکی کورتی دۆخیش کراوە لە زمانە ئێرانییەکاندا.

لە بەشی سێیەمیشدا کە ناونیشانی (جێبەجێ کردنی دۆخ لە زمانی کوردیدا)ی لەخۆ گرتووە باس لە تایبەتمەنییەکانی دۆخ دەکات لە زمانی کوردیدا و لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە ئەو تایبەتمەندییانە ڕوونکراوەتەوە، کە جیای دەکاتەوە لە زمانەکانی تر. لەم بەشەدا نموونەی ئێستای زارە جیاوازە کوردییەکان بەکارهاتووە و ئەو جیاوازیانەش خراوەتە ڕوو کە لە نێوانیاندا هەیە.

لە کۆتاییدا ئەنجامە بە دەست هاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# بەشی یەکەم: دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا

**١/ سەرەتا**

**١-١ چەمك و پێناسەی دۆخ**

**١-٢ دۆخ و پۆلی زمانەکان**

**١-٣ نیشانەکانی دۆخ و گۆڕانی فۆنەتیکی**

**١-٤ ڕەگەز**

**١-٥ دۆخ لە بواری ڕێککەوتندا**

**١-٦ دۆخ لە زمانە ئێرانییەکاندا**

# بەشی یەکەم
# دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا

## ١/ سەرەتا:

ئێمەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زمان بەکار دەهێنین و مەبەستیشمان لەو بەکارهێنانە بەرهەمهێنانی واتایەکی ڕوونە تا لە ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەماندا کۆمەکمان بکات. زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ و بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی لە بوارە جیاجیاکاندا لە هەوڵی خۆ نوێکردنەوە و گۆڕاندا بووە، ئەمە وایکردووە زانستی زمان وەك زانستێکی زیندوو و پەیوەست بە زانستەکانی تر و تەواوی کۆمەڵگا سەیر بکرێت، بۆیە دەبینین زۆر لە زاناکان لە پاڵ زانستە پسپۆرییەکەی خۆیاندا  و لە ڕوانگەی شارەزایی خۆیانەوە لێی دەکۆڵنەوە. ئەو زمانەی بەشێوەیەکی بەرفراوان چووەتە نێو کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە و بەشداریکردووە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان لە بوارە جیاجیاکانی وەك کۆمەڵایەتی، زانستی، سیاسی، ئابووری و ...هتد، زیاتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خزمەتی زۆرتری سیستەمە ڕێزمانییەکەی کراوە.

هەموو یان زۆرینەی گۆڕانە زمانییەکان بە ئاراستەی ئاسانبوونی زمانەکەیە بۆ ئاخێوەرانی، لە هەمان کاتدا لەناوچوون و نەمانی هەندێك دەنگ و نیشانە و کەمبوونەوەی مۆرفیمە بەندەکانە، کە زۆربەیان نیشانەکانی دۆخن، ئەم گۆڕانەش بە زۆری لەسەر بنەمای ئابووری زمان دێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی (زۆرترین چالاکی زمانی بە کەمترین وزە ئەنجام بدات). (سەباح: ٢٠٠٩: ٧٢) نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە ئاراستەیەکی دژی ئەم ئاراستەی ئاسانبوونەش لە نێو زماندا ڕۆڵ دەبینێت و هەوڵ دەدات، کە زمان مۆرکی بنجی خۆی بپارێزێت و هیچ شتێك لە دەست نەدات، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کەوا دیاردەی ئاسانبوونی زمان زیاتر لایەنی ئاخاوتن دەگرێتەوە، لایەنی نووسین ئەو لایەنە بەرهەڵستکارەیە، کە زۆر درەنگ ڕادەستی گۆڕانە دەنگییەکان دەبێت، بە واتایەکی دی گۆڕانی زمانی ئاخاوتن ئاسان و خێراترە لەوەی بەسەر زمانی نووسینی زمانێکی دیاریکراودا دێت، بۆ نموونە لە وشەیەکی وەکو

(Knife)دا  له زمانی ئینگلیزی دەنگی (K) سەردەمانێك لەو زمانە درکێنراوە له ئاخاوتن و نووسیندا، بەڵام ئێستا له نووسین ماوەتەوە و له ئاخاوتن پشتگوێ خراوە.

## ١-١   چەمك و پێناسەی دۆخ

له زمانە ئەرکییەکاندا(*) پەیوەندییە سینتاکسییەکان بەهۆی دۆخەکانەوە دەردەبڕێن، (دۆخ: بریتییە لەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییەی، کە ڕۆڵی لە پەیوەندی وشەکان و ڕێزبونیان له چوارچێوەی رستەدا دەردەکەوێت) (کریستاڵ:٢٠٠٣: ٦٣) دەرکەوتن و ناسینەوەیان له ڕستەدا، بەهۆی نیشانە یان ڕێزبوونی کەرەستەکان و پڕکردنەوەی چاڵەکان دەبێت.

لێکۆڵینەوە له دۆخ وەکو بابەتێکی ڕێزمانی سەربەخۆ بەشێوەیەکی چڕ و پڕ له دوای دەرچوونی کتێبەکەی چۆمسکی له ساڵی ١٩٦٥ سەری هەڵداوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و باسکردنی مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ. (ڕەواقییەکان، کە لەسەدەی سێ‌ی پ.ز کاریانکردووە، ئەنجامی باشیان له لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و حاڵەتەکانی دۆخدا بەدەستهێناوە. لای ئەرستۆ دۆخ بەشێوە جیاجیاکانی کردارەوە دەبەسترایەوە، واتە گەردانکردنی کردار، بەڵام بۆ یەکەمجار ڕەواقییەکان حاڵەتەکانی دۆخیان بەناوەوە تایبەتکرد، حاڵەتەکانی رفع (Nominative)، نصب (rectus) راستەوخۆ، جر (oblique) ناراستەوخۆیان له یەکتر جیاکردەوە، واتە ئەم حاڵەتانەیان تایبەتکرد بە ناو). (میلکا افیتش: ١٩٦٦:١٩).

له کاتێکدا زمانەوانی نوێ ئەوەی سەلماندووە، کە هەموو زمانەکانی جیهان هەمان دیاردەن و هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن، ئەویش گەیاندنی زانیارییە شاراوەکانی مێشکی مرۆڤە بە گوێگر له ڕێگای ئەو دەنگانەی بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەبن، هەروەها هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی هەموو کەرەستە ڕێزمانییەکانی وەکو: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ... هتد)ن، ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنن کە (زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پەیڕەو کاردەکەن و

(*) بڕوانە ١-٢-٤ لە لاپەڕە (١٢)ی ئەم نامەیە.

هەڵدەسوڕێن، ئەم جیاوازییەی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت هەر لە (سیما) ڕۆنانی سەرەوە دایە Surface structure، ئەگینا لە (بنج) ڕۆنانی ژێرەوەدا Deep structure هەموو یەکن و یەك دەگرنەوە.(وریا: ٢٠٠٩: ٢٣٧)، کەچی لە ڕێزمانی دێریندا ئەو دۆخانە دەست نیشان کراون، یان بە دۆخ دانراون، کە بەهۆی نیشانەیەکەوە دەربڕاون، واتە هەموو فرەیزێکی ناوی لە ڕستەدا بەهۆی نیشانەیەکی ڕێزمانییەوە ئەرکەکەی دیاریدەکرێت (دۆخ ئەرکی فرەیزە ناوییەکان دیاریدەکات)، بەم دۆخەیان وتووە دۆخی مۆرفۆلۆجی یان دۆخی نیشانەدار، لەمەوە دەبینین لە ڕێزمانی دێریندا دۆخ دیاردەیەکی جیهانی نییە، بەڵکو ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە خاوەنی دۆخی نیشانەدار، یان مۆرفۆلۆجین. ئەگەر شیکردنەوەیەکی وەسفی (ئێستایی) بۆ پۆلی زمانەکان بکەین، بە بۆچوونی زمانەوانەکان (بۆ نموونە بلومفێڵد) هەموو زمانێکی جیهان سەرەتا لە زمانێکی ئاڵۆز و داڕێژراوەوە دەستی پێکردووە Synthetic Language، واتە خاوەن گیرەکی ڕێزمانی و نیشانەی دۆخ بوونە دواتر بەرەو زمانی نیمچە دابڕاو و دابڕاو ڕۆیشتوون Analytic Language بەمەش نیشانەکانی دۆخیان لە دەستداوە (بلومفێڵد: ١٩٣٣: ٣٠)

زمانی عەرەبی نموونەیەکی دیاری ئەو زمانانەیە کە دۆخ بەهۆی نیشانەوە دەردەبڕدرێت، با سەرەنجی ئەم نموونەیە بدەین:

(١) أكلَتْ البنتُ التُفاحةَ.

ئەوەی دۆخی بکەری Nominative نیشاندەدات بوونی نیشانەی ( ُ )یە لەسەر (البنتُ) و ئەوەی دۆخی بەرکاری Accusative نیشاندەدات، نیشانەی ( َ )یە لەسەر (التُفاحةَ). بە لابردن یان گۆڕانی نیشانەکە جۆری دۆخەکە دەگۆڕێت و بەمەش ئەرکی فرەیزە ناوییەکە دەگۆڕێت.

(٢) سلمتُ على البنتِ.

لە ڕستەی یەکەم (البنتُ) بکەری ڕستەکەیە و کارێك ئەنجام دەدات، بەڵام لە ڕستەی دووەم (البنتِ) بووە بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و کارێکی بەسەردا ئەنجام دەدرێت.

ڕەنگە تێڕوانینیان بۆ دۆخ بەوەی کە هەر دەبێت نیشانەیەکی جیاکەرەوەی هەبێت تا ڕادەیەك ڕاست بێت، ئەویش بە پشت بەستن بەو ڕاستییەی کە زمانەکانی جیهان لەو گەشە و گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا هاتووە زۆرترین نیشانەکانی دۆخیان لە دەست داوە. لێرەوە دەکرێت پشتگیری ئەو بۆچوونەی دێرینەکان بکەین لە دەست نیشان کردنی دۆخەکان بەوەی کە دەبێت نیشانەداربێت، بە مەرجێك پاساوێکی شیاو هەبێت و بڕوامان پێ بێنێت، کە هەموو زمانەکان لە سەرەتای دروستبوونیاندا دۆخەکانیان لە ڕێگای نیشانەی مۆڕفۆلۆجییەوە دەربڕاون. دەکرێت بڵێین دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا بنجی ترە و دەکرێت وەکو دیاردەیەکی ڕێزمانی لە قەڵەم بدرێت، بەڵام دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا زیاتر ناوەڕۆکی واتایی و دەستکردە.

## ١-٢ دۆخ و پۆلی زمانەکان

جیاکردنەوە و پۆلکردنی زمانەکانی جیهان بەپێی سروشت و تایبەتمەندییەکانیان بۆ سەردەمی بەراوردکارەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك زمانی (لاتینی)یان بە زمانەکانی تر بەراورد دەکرد و بە پیرۆز و بێ هاوتایان دەزانی و لەسەرووی زمانەکانی تری وەکو (فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتالی، ئینگلیزی و ... هتد)یان دادەنا. ڕۆمانەکان وایان پیشان دەدا کە زمانەکەی خۆیان (لاتینی) زمانی خواوەندەکانە و بۆیان ماوەتەوە، لە بەرامبەردا زمانەکانی تریان بە (جیکە جیك) دەزانی و بە زمانی باڵندەیان وەسف دەکرد، بەهۆی باڵادەستی سەربازیشیانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر توانیان باڵادەستی زمانەکەی خۆیان بەسەر نەتەوە و زمانە ژێر دەستەکانی خۆیاندا بسەپێنن، بەمەش زمانی لاتینی خزمەتێکی زۆرکرا. ئەم بڕوایە درێژەی کێشا تا سەردەمی ڕاپەڕین و هەنگاونان بۆ بنیادنانی زمانی نەتەوایەتی لە ناو گەل و نەتەوە جیاجیاکاندا.

لەدوای سەردەمی بوژانەوە و کرانەوەی ئەورووپا لەهەموو ڕووەکانەوە، کۆمەڵێك بیری تازە هاتنە کایەوە بۆ بەرامبەر کردن و پۆلکردنی زمانەکان بەتایبەتیش دوای دۆزینەوەی زمانی سانسکریتی و بەراوردکردنی بە زمانی لاتینی و زمانەکانی تری ئەورووپا. وتارەکەی "ولیام

جۆنز" سەرەتای ئەم قۆناغەبوو کە تیایدا دەڵێ: زمانێك هەیە لەڕووی ڕۆنانەوە لەزمانی لاتینی پاراوترە و لەزمانی گریکی تەواوترە. ولیم جۆنز باوەری وابوو زمانی سانسکریتی دایکی زمانەکانی تری جیهانە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردتر دەرکەوت هەرسێ زمانی (لاتینی، سانسکریتی، گریکی) لە دایکە زمانیکەوە هاتوون، بەڵام دایکە زمانەکە نەدۆزرابۆوە، کە دواتر بە زمانی هیندۆ ئەورووپی ڕەسەن ناسرا (PIE) (Proto Indo European) لە دوای ئەم قۆناغەوە ئیتر بەراوردکردنی زمانەکان بووە جێی مشتومڕی زۆری زانایان و لەم ڕوانگەیەوە کۆمەلێك پۆلکردن و بە خێزانکردنی زمانەکان دەبینرێت وەکو نموونەی درەختە خێزانییەکان و تیۆری بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکان و پۆلکردن بەپێی ڕیزبوونی (بکەر، بەرکار، کار SOV) و ... هتد. (بڕوانە کریستاڵ: ١٩٨٠: ١٣٠). پۆلکردنێکی تر هەیە پێی دەگوترێت پۆلکردن بە پێی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی، کە تارادەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەسترێت و زمانەکانی جیهان دابەشی سەر (٥) جۆر دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١-٢-١ زمانە دابڕاوەکان Isolating (analytic) Language:

ئەو زمانانەن کە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی لەڕێگای وشە ئەرکییەکان و ڕیزبونیان لەڕستەدا دەردەبڕێت، نەك بەهۆی گیرەکەکانەوە، کە ژمارەی وشەکان بەرامبەر مۆرفیمەکان (١:١) دەوەستێت. دۆخەکان لەم جۆرە زمانانە نەماون یان بەرەو کزبوون دەڕۆن و تۆن و شوێن و ڕیزبوونی کەرەسەکان لە ڕستەدا پەیوەندییە سینتاکسیەکان ڕێکدەخەن، واتە دۆخ سیمای بێ دۆخ (Caseless) وەردەگرێت وەکو نیشانە، بەڵام دۆخەکان لۆکاڵی و ڕۆنانی دەبن و ڕیزبوونی کەرەستەکان دەست نیشانی هەڵوێستی دۆخەکان دەکات. زمانی چینی و ژاپۆنی نموونەی ئەم جۆرە زمانانەن.(محەمەد مەعروف وسەباح: ٢٠٠٦: ٨٠٩) وەك لەم نموونە چینییەدا دەردەکەوێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| (٣) | 水 | 用 | 饮 | 鹿 |
| | shuǐ | yòng | yǐn | Lù |
| | ئاو | ەوە | دەخوات | ئاسکەکە (Google Translation) |

## ١-٢-٢ زمانە نووساوەکان Agglutinative Language:

لەم جۆرە زمانانەدا تایبەتمەندی وشە بەهۆی ڕۆنانییانەوە دەخرێتەڕوو. (کریستالْ: ٢٠٠٣: ١٧) گیرەکەکان دەچنە سەر ڕەگ، واتە ڕەگ تەوەرەی سەرەکی وشەکەیە و فۆرمە بەندەکانی دەچنە سەر، بەڵام کاریگەرییان نابێت بەسەر ڕەگەوە، دەتوانرێت سنوری هەریەك لە گیرەکەکان دیاریبکرێت، واتە ڕەگەکان لەڕوی فۆنەتیکەوە خۆپارێزن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. لەم زمانانەدا پەیوەندییە سینتاکسییەکان لە ڕستەدا گیرەکەکان دەریاندەبڕن، و وشەکانیان بە شێوەی ڕێزبوونی زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی مۆرفەکان دەبینرێت و ژمارەی مۆرفێم بۆ مۆرفەکان لە هەمان وشەدا یەکسانن. (حەیدەر: ٢٠١٠: ٢٣) دۆخ لەم جۆرە زمانانەدا زۆر بە ڕوونی نووسەکەکان دەریاندەبڕن، یان دەیاننوێنن، بۆ نموونە لە زمانی تورکیدا کە ڕوونترین نموونەی زمانە نووساوەکانن دەتوانین (٦) جۆر دۆخ دەست نیشان بکەین، (کە لە خوارەوە نموونەیان بۆ دەهێنینەوە) بەڵام ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ناوەکان کاتێك کە نیشانەیەك وەردەگرن لە دەرەوەی ڕستەش بێت دەکرێت دۆخەکانیان بدۆزینەوە.(کول تیگن: ٢٠٠٢: ١١)، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| جۆری دۆخ | پاشگری دۆخ | نموونە | واتاکەی |
|---|---|---|---|
| Nominative | نیەتی ø | Köy , Ağaç | دار، گوند |
| Genitive | -in | Köyün , Ağacin<br>گۆڕانی فۆنەتیکی<br>ü ⟵ i , c ⟵ ç | ی دارەکە، ی گوندەکە |
| Dative | -e | Köye , Ağaca | بۆ دارەکە، بۆ گوندەکە |
| Accusative | -i | Köyü , Ağaci | دارەکە، گوندەکە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Ablative | -den | Köyden , Ağaçtan<br>t ⟵ d | لە گوندەکەوە، لە دارەکەوە |
| Locative | -de | Köyde , Ağaçta | لە ناو گوندەکە، لەسەر دارەکە |

لە دۆخی Accusative نیشانەکە زیاتر بۆ ناساندنی دۆخی بەرکارییە.

## ١-٢-٣ زمانە تێکچڕژاوەکان Incorporating Language:

وشەکانی ئەم جۆرە زمانانە درێژ و ئالۆز و بەیەکداچوو و تێکچڕژاون، بەجۆرێك وەکو ڕستە دەردەکەون بەهۆی ڕیزبوونی مۆرفیمەکان بەدوای یەکدا، بۆیە هەندێك جار دەگەنە ئەو ئاستەی ناچارین لە چوارچێوەی سینتاکسدا لێکدانەوەیان بۆ بکەین. پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ئەم جۆرە زمانانە بەهۆی گیرەکەکانەوە دەردەبڕدرێت، کە تێکەڵ بە یەك دەبن و وشەیەك دروست دەکەن لە شێوەی ڕستەدا. لە بەرامبەر کردنی مۆرف و مۆرفێمدا سەر بەسەر ناوەستن، بۆ نموونە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (٤) رۆ | یش | ت | م | ەوە | ٥ مۆرف |
| ڕەگ | م.بەتاڵ | م. کات | نووسەك | دووبارەبوونەوە | ٤ مۆرفێم |

پاشماوەی دۆخ لەم جۆرە زمانانەدا وەکو زمانی کوردی ماوەتەوە، بەهۆی ئەوەی لە نێوان زمانی نووساو و زمانی دابڕاو دان، وەکو نیشانەکانی (لە ... دا، لە ...ەوە) لەدۆخی ئیزافە.

(٥) لە باخەکەدا

لە ماڵەوە

## ١-٢-٤ زمانە ئەرکییەکان Inflecting Language:

لەم جۆرە زمانانەدا وشە بەشێوەیەکی نائاسایی و ناجێگیر زیاتر لە مۆرفێمێکی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پەیوەندییەکی یەکسان لە نێوان مۆرفێم و مۆرفەکاندا نییە، بە

ژمارەیەك پێشگر و پاشگر دەوری دەدرێ کە گیرەکەکانن و ڕۆڵیان دەبێ لە دەست نیشانکردنی ئەرکی ڕێزمانی وشەکان. لێرەدا دۆخ زۆر فراوانە و هەموو ئەرکە سینتاکسییەکان، دۆخەکان دەریدەبڕن، کە بریتین لە گیرەکەکان، بۆیە پێش و پاش خستنی وشە لەڕستەدا کارناکاتە سەر مانای ڕستەکە (حەیدەر: ٢٠١٠: ٢٦)، بۆ نمونە ڕستەیەکی وەکو:

(٦) هۆزان یارمەتی سازگار دەدات.

لەزمانێکی وەکو روسیدا، کە نموونەی دیاری زمانە ئەرکییەکانە بە پاش و پێش خستنی وشەکانی ئەم رستەیەی سەرەوە گۆڕان بەسەر مانای رستەکەدا نایەت.

**Hozan pomogeat Sazgaru.**

**Hozan Sazgaru pomogeat.**

**Sazgaru Hozan pomageat.**

**Sazgaru pomageat Hozan.**

(**Google Translation**)

پاشگری (u) کە چۆتە سەر ناوی (سازگار) دۆخی بەرکاری پێداوە، بۆیە کاتێ ئەم ناوە بە نیشانەی دۆخەکەیەوە لە هەرشوێنێك دەرکەوێ لە ڕستەدا هەمان واتا و هەمان ئەرکی دەبێ.

## ١-٢-٥ زمانە ناوگرییەکان Infixing Language:

گیرەکی ناوگر لەو زمانانەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی پەیوەندییە سینتاکسیەکاندا. ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەکو کۆ، نادیاری ... هتد بەهۆی ناوگرەوە دەردەبڕدرێن، ناوگرەکان ڕەگ دەسمن. (محەمەد مەعروف و سەباح: ٢٠٠٦: ٩١) دۆخ لەو زمانانەدا زۆر دەوڵەمەندە و دیارترین نموونەی دۆخی بنجیین. زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان ئەو

گیرەکەیان تێدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە زمانە سامییەکاندا زۆرە، لەوانەش لە زمانی عەرەبیدا بنەرەتی وشەکە (ڕەگەکە) لەسێ دەنگی کۆنسۆنانت پێکدێ بەشێوەیەك ئەو سێ دەنگە بەتەنیا ناتوانێت بێ گیرەکی ناوگر هیچ بکات. (حەیدەر: ٢٠١٠: ٢٧) بۆیە دەبینین کاتێك وشەیەکی عەرەبی بە فۆنتێکی جیهانی دەنوسرێت، ئەوا دەردەکەوێت هەموو دەنگە ڤاولەکان گیرەکی ناوگرن. (محمد مەعروف و سەباح: ٢٠٠٦: ٩١) بۆ نمونە:

(٧) دَرَسَت D a r a s a t

ناوگر

## ٣-١ نیشانەکانی دۆخ و گۆڕانی فۆنەتیکی

نیشانەکانی دۆخ ئەرکی ئەوە دەبینن، کە جۆری دۆخەکە لە رستەدا پیشانبدەن، بەجۆرێك کە ئەگەر جێگۆرکێ بە کەرەستە دۆخ هەڵگرەکەش کرا نیشانەکە دۆخی ناوەکە دەپارێزێت، بۆیە ئەو زمانانەی کە بەڕێژەیەکی بەرچاو دۆخەکانیان بە نیشانە دیاریدەکرێن، کەمتر گوێ بە ڕیزبوونی کەرەستەکان دەدەن، بێگومان زۆرێك لەو فۆنێم یا نیشانانەی ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردنی دۆخەکان گۆڕانێکی دەنگیی و ڕێنووسی بەسەر وشەکەدا دەهێنن وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

(٨) جاء الولدُ.

سلمتُ علی الولدِ.

وشەی (الولدُ) بەهۆی نیشانەکانی دۆخەوە ئەرکەکەی دیاریکراوە، کە لە ڕستەی یەکەمدا بکەرە و لە ڕستەی دووەمدا بووە بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

لە زمانی تورکیشدا:

(٩) (بە دار (گۆچان)ەوە هاتن) Ağaçtan geldiler

(ئێمە دارەکەمان بینی) **Ağa<u>c</u>in gördük**

**Ağaçtan لە دۆخی ئامێر دایە و Ağacin لە دۆخی بەرکار دایە**

**دەنگی (چ – ç) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ج – c)          c ⟵ ç**

**گەشەکردنی زمان و گۆڕانە زمانییەکان، گۆڕانی فۆنەتیکیی و گۆڕان لە ئەرکی کەرەستەکان دێنێتە ئاراوە، لە دەستدانی مۆرفیمێك، کە هەڵگری ئەرکی سینتاکسییە دەبێت ئەو ئەرکە بەشتێکی تر بسپێرێت و ئەو کەم و کورتییە پڕبکرێتەوە، بۆیە دەبینین نەمانی مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە هەمان کاتدا روویانداوە وەك ئەوەی لە زمانی ئینگلیزی دەبینرێت (ئەو پاشگرانەی بە کۆتایی ناوەکانەوە دەنووسان ئاماژەیەك بوون بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ناو ڕستە، واتە بەشێك لە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی دەگرتە ئەستۆ بەمەش لەگەڵ یاساکانی ڕێزبوونی کەرەستەکان لە ڕستەدا لە ڕووی ئەرکەوە تەواکەری یەکتر بوون، (لە ئینگلیزی نوێدا ڕیزبوونی وشەکان لە نێو ڕستەدا بەشێك لە ئەرکی پاشگری دۆخەکانیش جێبەجێ دەکات) (سەباح: ٢٠٠٩: ٧٢). ئەگەرچی هەندێك نیشانەی دۆخ لە زمانی ئینگلیزیدا ماوە، وەك گۆڕانی فۆرمی جێناوەکان لە کاتی دەرکەوتنیان بە ئەرکی جیاواز، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم نیشانانەش هەر ڕیزبوونی کەرەستەکان دۆخ و ئەرکی فرەیزە ناوییەکان دیاریدەکەن.**

(١٠)          **He went to see her.**

**She went to see him.**

**(He و She) لە دۆخی بکەر (Nom)دان ، ڕاستە گۆڕان لە فۆڕمیان دۆخەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام ئەوە ڕیزبوونی کەرەستەکان ئەو گۆڕانە فەرز دەکات. سیستەمی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی ئینگلیزیدا (SVO)، بۆیە کاتێك (He و She) چاڵی بکەر پڕدەکەنەوە دۆخی بکەری دەردەبڕن و بەو فۆڕمانەش دەناسرێنەوە، بەڵام کاتێك چاڵی بەرکار پڕدەکەنەوە فۆڕمەکانیان دەگۆڕێت (him، her).**

ئەم گۆڕانە بە ڕێژەی جیاواز بەسەر زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هاتووە، تەنها ئەو زمانانە نەبێت، کە بەسستی گەشەیانکردووە، یان وا بەستەی یەکێك لە هێما نەتەوەیی یان ئاینییەکانیانن وەکو پابەندبوونی عەرەب بە زمانی قورئانی پیرۆزەوە.

## ٤-١ ڕەگەز Gender

تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی ئەو ناوانەیە، کە مەبەست لێی جیاکردنەوەی ڕەگەز (جنس)ەکەیانە. ڕەگەز بریتییە لە کەتیگۆرییەکی ڕێزمانیی، کە ناوەکان بەسەر چەند پۆلێك دابەشدەکات بەپێی تایبەتمەندی زایندەیی (Sexy) (ماسیۆس: ٢٠٠٧: ١٥٤)، بە پێی سروشتی زمانەکانی جیهان ڕەگەزەکانی ناو دابەشی سەر دوو پۆل یان زیاتر دەبن، بۆ نموونە لە زمانی لاتینیدا، ناو سێ ڕەگەزی هەیە: ڕەگەزی نێر (genus masculinum)، ڕەگەزی مێ (genus femininum)، ڕەگەزی بێ لایەن (genus neutrum). ناو لە زمانی ڕوسیشدا، وەك لاتینی خاوەنی سێ ڕەگەزە لە زمانی فەرەنسیدا ناو دوو ڕەگەزی هەیە: ڕەگەزی نێر ( le genre masculin) و ڕەگەزی مێ (le genre feminin) (ئەوڕەحمان: ١٩٧٩: ١٦٤). هەندێك لە ناوەکان بەپێی نیشانەی مۆرفۆلۆجییەوە و هەندێکی تریان هەر بە واتا ڕەگەزەکەیان دەردەکەوێت، لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەدا، ڕەگەز بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، ئەوانیش ڕەگەزی سروشتی (بایۆلۆجی) و ڕەگەزی ڕێزمانییە.

<u>**ڕەگەزی سروشتی:**</u> ئەو ناوانەن لە سروشتیاندا ڕەگەزەکەیان دەردەکەوێت، واتە ڕەگەز (نێر و مێ)ییان پەیوەستە بە سروشتە بایۆلۆجییەکەیانەوە. (لە ڕووی لۆجیکییەوە تەنیا ئەو گیانلەبەرانەی زاوزێ دەکەن ڕەگەزی (مێ)ن) (مزگێن: ٢٠٠٦: ٤٨)، واتە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی ڕەگەزی ئەو ناوانە، ڕەگەزی سروشتی شتێکی نەگۆڕە و لە هەموو زمانەکاندا هەیە و وەك یەکە، کە لۆجیك و واتا دەستنیشانیان دەکات. بۆ نموونە ناوەکانی وەك (پیاو، ئەسپ، خاڵ، ...هتد) لە هەموو زمانەکان ناوی (نێر)ن و تایبەتییە

ڕێزمانییەکانی ڕەگەزی (نێر) یان بەسەردا دەسەپێنرێت، ناوەکانی (ژن، ماین، پور، ... هتد) ناوی (مێ)ن لە هەموو زمانەکان و تایبەتییە ڕێزمانییەکانی ڕەگەزی (مێ)یان بەسەردا دەسەپێنرێت. لە هەموو زمانەکاندا ناوەکان کە هەڵگری ڕەگەزی سروشتین، کاتێك دەبنە ڕەگەزی ڕێزمانی، هەمان تایبەتمەندی ڕەگەزە سروشتییەکەی خۆیان دەپارێزن.

**<u>ڕەگەزی ڕێزمانی:</u>** دیاریکردنی ڕەگەزی ناوە لەناو ڕستەدا بەهۆی نیشانەی ڕێزمانی تایبەتەوە. (ناوی شتە بێ گیان و بەرجەستەکانیش کە خاوەنی ڕەگەزی سروشتی نین، بەپێی وەرگرتنی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی تایبەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە) (مزگێن: ٢٠٠٦: ٤٩). بەپێی جۆری زمانەکە ڕەگەزی ناوێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لە زمانی فەرەنسیدا (پەرتوك) ناوێکی نێرە، کەچی لە زاری کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا ناوێکی مێیە، بەلاًم بە پێچەوانەوە ناوی (خانوو) لە زمانی کوردیدا ناوێکی نێرە و لە زمانی فەرەنسیدا مێیە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| (١١) | "a book" | <u>Un</u> vieux | (Un) نیشانەی دۆخی نێرە |
| | "a house" | <u>Une</u> maison | (Une) نیشانەی دۆخی مێیە |
| | پەرتوکا_ ڕێزمانیٚ | | (ا) نیشانەی دۆخی مێیە |
| | خانیێ بلند | | (ی) نیشانەی دۆخی نێرە |

## ١-٤-١ نیشانەکانی ڕەگەز Gender Signals

ڕەگەز لە هەندێك لە زمانەکانی جیهان بەدیدەکرێت و بەهۆی خەسڵەت و تایبەتێتی خۆیەوە دیاریدەکرێت. ((لە زۆر زماندا ڕەگەزەکانی ناو بەهۆی کۆتایی وشەوە بێت یاخود هەر نیشانە و خاسیەتێکی تر بێ لەیەك جیادەکرێتەوە)) (ئەورەحمان: ١٩٧٩: ١٦٣)، بوونی یان نەبوونی ڕەگەز لەزمانێکدا بەند نییە بە بەهاو سەنگی زمانەکەوە، بەڵکو بەندە بە سروشت و جۆری

زمانەکە و ئەو گەشە و گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە لە ڕووی لە ناوچوونی مۆرفێمە بەندەکانەوە لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی. لە زۆربەی زمانەکاندا دیاردەی ڕەگەز بەرەو کاڵبوونەوە و لەناوچوون چووە، بەڵام لێرە و لەوێ هەندێك لە سیماکانی هەر ماون، زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی بەگوێرەی زارەکانی و بە ڕێژەی جیاواز ڕەگەزی تێدا پارێزراوە، بۆ نموونە لەزاری کرمانجی ناوەراستدا، راستتر بڵێین لە زمانی نوسیندا هیچ نیشانەیەکی تایبەتی وەها بەدیناکرێت کە ڕەگەزی ناو دەربخات، تەنها لە دۆخی بانگکردندا نێر و مێ ماوە، بۆیە تەنها ئەو دوو مۆرفێمە بەرچاو دەکەوێت، کە دەچنە سەر ناوی بانگکراو و ئەرك و ڕەگەزەکانیان دیاریدەکەن، بۆ نموونە:

(١٢) کوڕە دانیشە.

ە: نیشانەی دۆخی بانگکردن و ڕەگەزە بۆ تاکی نێر.

کچێ بخوێنە.

ێ: نیشانەی دۆخی بانگکردن و ڕەگەزە بۆ تاکی مێ.

بۆ کۆ جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا نامێنێت، بۆ هەردوو ڕەگەزەکە مۆرفیمی (ینە) دەچێتە سەر ناوی بانگکراو، کە تەنها ژمارە پیشاندەدات:

(١٣) کوڕینە وەرن.

کچینە وەرن.

ینە: نیشانەی دۆخی بانگکردنە بۆ کۆ. (عادل: ٢٠٠١: ٦٧)

هەندێك ناو لە بانگکردندا بۆ نێر و مێ هەمان نیشانەیان بۆ بەکاردێت:

(١٤) باوك باوکە

دایك دایکە

مۆرفێمی (ە) نیشانەی دۆخی بانگکردنە بۆ هەردوو ڕەگەز.

هەندێك ناوی تر هیچ نیشانەیەك وەرناگرن بۆ پیشاندانی ڕەگەز، وەکو:

(١٥) برا

كاك

ئاغا

مامۆستا (سازە: ٢٠٠١: ٧٢-٧٤)

سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەوە باسکرا، لە ڕێگای واتاوە دەتوانین ڕەگەزی هەندێك لە ناوەکان بزانین، بۆ ئەم مەبەستە ئەوڕەحمانی حاجی مارف چوار جۆر ڕەگەزی بۆ ناوەکان دیاری کردووە ناوی نێر وەك (باوك، شاکێو، ئەسپ، سەپان) ناوی مێ وەك (دایك، ژیان، ماین، مامان)، ناوی دوو لایەن وەك (مرۆڤ، کۆتر، بەرگدروو، هاوڕێ)، ناوی بێ لایەن وەك (گەنم، شار، لوت، ئاگر). ئەمانە ئەو ناوانەن بە بوون یان نەبوونی نیشانەی ڕێزمانی ڕەگەزەکانیان دیارە و لە هەموو زمانەکان هەمان سیمای واتاییان هەیە، بەڵام ئەو زمانانەی کە ناوەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە دابەش دەکەن بەسەر ڕەگەزدا، پێویستیان بە مۆرفێمی تایبەت بە ڕەگەز دەبێت، بۆ نموونە لە زاری کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، لە دابەشکردنی ناوەکانیان بەپێی واتا هاوشێوەی زاری کرمانجی ناوەڕاستە، بەڵام لە ڕووی ڕستەسازییەوە هەموو ئەو ناوانەی لە ڕستەدا بەکاردێت بەهۆی مۆرفێمی ڕەگەزەوە دابەشی سەر هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەبێت، دابەش بوونەکەش لەسەر پێوەرێکی ڕێك نییە بە جۆرێك ناوەکە پەیوەندی هەبێت بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو تەنها ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی زارەکەیە لەسەر دیاریکردنی جۆری ڕەگەزی ناوەکان، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(١٦) گوهارکێ نازدارێ قەشەنگە.

گوهارکێ وێ قەشەنگە.

گوستیلکا شاخەوانی قەشەنگە.

گوستیلکا وی قەشەنگە.

(گوهارك) ناوی خشڵێکی ژنانەیە، ئەگەر پەیوەندی بە ڕەگەزی ژنەوە هەبوایە، ئەوا دەبوو ڕەگەزی (مێ)ی وەربگرتایە، بەڵام دەبینین بەپێی ئەو سیستەمە ڕێزمانییەی کە ئاخێوەرانی زاری کرمانجی سەروو کاری پێدەکەن، ڕەگەزی ڕێزمانی ناوی (گوهارك) نێرە بۆیە نیشانەی ڕەگەزی نێر (ێ)ی وەرگرتووە، هەمان هۆ بۆ ناوی (گوستیلك)یش ڕاستە، گوستیلك ناوی خشڵێکی پیاوانە، کەچی لە ڕستەدا ڕەگەزەکەی (مێ)یە بۆیە نیشانەی ڕەگەزی مێ (ا)ی وەرگرتووە.

## ١-٤-٢ جیاکردنەوەی دۆخ و ڕەگەز

بەهۆی لێك نزیکی هەندێك لە سیماکانیان بە تایبەتیش نیشانەکانیان، زۆر جار دۆخ و ڕەگەزی ڕێزمانی تێکەڵی یەکدی دەکرێت و جیاکردنەوەیان پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەی زمانەوانی هەیە. بۆ جیاکردنەوەیان لە خوارەوە چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

١. دۆخ لە سینتاکسە، ڕەگەز لە فەرهەنگە، واتە دیاریکردنی ڕەگەزی هەر ناوێك ڕیشەکەی بۆ فەرهەنگ دەگەڕێتەوە و لە هەر شوێنێك دەرکەون بە هەمان ئەرك و واتا دەردەکەون و هەمان مۆرفیمی ڕێزمانی وەردەگرن، لە بەرامبەردا دۆخ لە سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینێت و پێویستی هەبوونیشی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکانە. بۆ هەر دۆخێك نیشانەیەکی ڕێزمانی یان شوێنێك هەیە لە ڕستەدا، بۆ دیاریکردنی جۆری دۆخەکە و ئاسایی لە کات و شوێنی جیاوازدا گۆڕانی بەسەر دادێت، گۆڕانیش تیایاندا جۆری دۆخەکە دەگۆڕێت، بەمەش ئەرکی فرەیزە ناوییەکە دەگۆڕێت، بەڵام نیشانەکانی ڕەگەز بە ناوەکانەوە بەستراونەتەوە و لێیان جیا نابنەوە لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بن، واتە ناوەکان بە نیشانەکانی ڕەگەزەوە لە هەر کات و شوێنێکدا دەرکەون هەمان واتا و ئەرك و ڕەگەز دەردەبڕن. بۆ نموونە:

(١٧) ئازادی ئەز گرتم.

نازداریٚ ئەز گرتم.

(١٨) من کتێبەك ب ئازادیٚ دا.

من کتێبەك ب نازداریٚ دا.

لە ڕستەکانی (١٨)دا هەردوو ناوی (ئازاد و نازدار) لە دۆخی بکەری (Nominative) دان و هەریەکەیان نیشانەی ڕێزمانی ڕەگەزی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە، هەمان ئەم ناوانە دەکرێت ئەرکی تر وەربگرن و دۆخی تر دەربڕن، بەڵام بە هەمان نیشانە ڕەگەزییەکانی خۆیانەوە، واتە بە گۆڕانی دۆخی ناوەکان نیشانەی ڕەگەزەکانییان نەگۆڕا، بەڵام بە گۆڕانی نیشانەی دۆخەکان یان شوێنیان (بۆ ئەو زمانانەی ڕێکخستنی کەرەستەکان دۆخەکان دەردەبڕن) ئەرك و جۆری دۆخەکە دەگۆڕێت، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(١٩) ئەو منی گرت.

من ئەوم گرت.

I told him.

He told me.

٢. دۆخ بە تایبەتیش ئەوەی بە ئەبستراکت (Abstract) ناسراوە، دیاردەیەکی زمانی سەراپایی (Universal)ە و تایبەتە بە هەموو زمانەکانی جیهان، بەڵام ڕەگەزی ڕێزمانی تایبەتە بە هەندێك زمان، یان ئەگەر سەرەتا دیاردەیەکی جیهانی بووبێت ئەوا لە ڕۆژگاری ئێستاماندا لە زۆربەی زمانەکاندا نەماوە یان سست بووە.

٣. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە دۆخ و ڕەگەزی نیشانەدار (بە مۆرفێم یان نیشانەی ڕێزمانی) بەرەو لە ناوچوون دەچن، بەڵام دۆخ لە ڕەگەز خێراتر ئەو ڕەوتە دەبڕێت، بۆ نموونە

مانەوەی نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بانگکردندا و نەمانی هیچ نیشانەیەکی دۆخ لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا.

٤. لە زمانی کوردی و زۆر زمانی تردا نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ و ڕەگەز، زیاتر وەکو پاشگری فرەیزە ناوییەکان دەردەکەون، بۆ نموونە:

(٢٠)

من چێلـ ا قەلەو فرۆت. (ا) نیشانەی ڕەگەزی مێ و دۆخی خستنەسەر (Genitive)ە

من گایـ ێ قەلەو فرۆت. (ێ) نیشانەی ڕەگەزی نێر و دۆخی خستنەسەر (Genitive)ە

من ژ نازك ێ راگۆت. (ێ) نیشانەی ڕەگەزی مێ و دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative)یە

من ژ مێگری راگۆت. (ی) نیشانەی ڕەگەزی نێر و دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative)یە

## ١-٥ دۆخ لە بواری ڕێککەوتن (Agreement) دا

بۆ ئەنجامدانی کردەی قسەکردن و تێگەیشتن، ئاخێوەرانی هەر زمانێك لەسەر کۆمەڵێك ڕێککەوتنی ڕێزمانی و واتایی لەگەڵ یەکدی دەسازێن. هەر زمانە و سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕێککەوتن لە نێوان کەرەستەکانی ناو ڕستە. ڕێککەوتن دیاردەیەکی ڕێزمانییە و ئەرکی بەستنەوەی کەرەستەیەکە بە یەکێکی دییەوە، و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوانیان دیاریدەکات. (تراسك: ١٩٩٣: ١٢) یان (پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و فرەیزەکانە، کە لە پێکهاتیاندا لەگەڵ یەکدا گونجاون). (ماسیۆس: ٢٠٠٧: ١٣). کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کار) بەپێی پێویستی و سروشتی زمانەکە، بەهۆی پەیوەندییەکی ڕێزمانی یان واتایی سازانێکی گونجاو لە نێوانیاندا دروست دەبێت، کە ئامانج لێی گەیاندنی زۆرترین زانیاری ڕەوانە بە گوێگر. هەموو دیاردەی ڕێککەوتن پەیوەندی هەیە بە کەرەستەی بە دەسەڵات (Government) و کەرەستەی بێ دەسەڵات. (کەرەستە بە دەسەڵاتەکە بەپێی ئەو

چوارچێوەی کە تێدا بەکارهاتووە بڕیار لەسەر دەرکەوتن، یا دەرنەکەوتنی کەرەستە بێدەسەڵاتەکە دەدات) (ڤیان: ٢٠٠١: ٢٦). بۆ نموونە کاری تێپەر (Transitive verb) دەسەڵاتی بەسەر نزیکترین فرەیزی ناوی لەخۆیەوە هەیە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوانیان دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ (Accusative)ی پێ دەبەخشێت، هەروەها ئامرازی بەند (Preposition) دەتوانێت دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative) بە فرەیزە ناوییەکەی نزیك خۆی ببەخشێت. لە مەوە دەردەکەوێت کە کەرەستەکانی (V و P) کەرەستەی بە دەسەڵاتن و توانای هەڵبژاردنی کەرەستەی تریان هەیە تا لەگەڵیاندا ڕێککەون. ئەگەرچی ئەم دوو سەرە فەرهەنگییە چالاکتر و زیندووترن لە بەخشینی دۆخ و ڕۆڵی واتایی، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە (N و A) ئەم ڕۆڵە دەگێڕن لە پاڵ سەرە ڕێزمانییەکانی (IP، CP، DP، ... هتد)، کە ناکرێت ڕۆڵی سینتاکسی و دەسەڵاتی ڕێککەوتنییان فەرامۆش بکرێت.

(٢١)




سەبارەت بە ڕێککەوتن چۆمسکی دوای ساڵی (١٩٩٣) لە درەختی ڕستەکاندا دوو ئەگەری هەبوونی دوو کەرەستە پێشنیار دەکات، یەکێکیان بۆ بکەر ئەوی تریان بۆ بەرکار.




**وێنەی ژمارە (١)**

**دەکرێت لەم ڕستەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە وەکو یاسایەکی پاساودان (Checking):**

**(٢٢)　　　　مامۆستاکە نامەکەی نارد**



شوێنی بکەر لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ڕێگەی پێ دەدرێت، کە لە لایەنی کارەوە ئەو ڕۆڵەی پێ بدرێت، هەروەها هەموو ناوێك دەبێت سیمای دۆخێکی هەبێت، کە دەبێت هەبوونی ناوەکەی پێ پاساو بدرێت، سیمای دۆخ لەو ناوەدا بریتییە لە دۆخی بکەری (Nominative) بە تەنها ڕستەی تافدار دەتوانێت خاوەن سیمای ئەم جۆرە دۆخە بێت، (دۆخی بکەری و تاف)یش یەکێکە لە سیمای (T) و ئەوەش ڕوونە کەوا هەندێك سیما لە کاتی تاف دەردەکەون پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە، بەڵام مەسەلەکە لەوەدایە چۆن ئەم سیمایانە پاساو بدرێن. لە ڕێزمانی دێرینی چۆمسکیدا وا دەوترا کە فرەیزێکی ناوی دەجوڵێ و شوێنپێ (Trace)یێك لە شوێنی خۆی جێدەهێڵێت، بەڵام ئەم میکانیزمە لە پرۆگرامی بچووککراوە ( Minimalist Program)دا بە کۆپیکردن (Copying) ناودەبرێت، بەمە بکەر دوای ئەوەی بە سیما هاوبەشەکەی خۆی بەشداری لەگەڵ (T)دا دەکات، دەبێت بچێتە ناو سنووری (Phase)ی (TP) و وەکو سپێکی (TP) دەرکەوێت. بۆ نموونە:




(بڕوانە سەباح: ٢٠١٠: ١٣١)

وێنەی ژمارە (٢)

### ١-٥-١ جۆرەکانی ڕێککەوتن

### ١-١-٥-١ ڕێککەوتنی ڕێزمانی Grammatical Agreement:

ڕێککەوتنە لە نێوان کەرەستە بنچینەییەکانی ناو ڕستە لە ڕووی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی وەك (کەس، ژمارە، ڕەگەز، دۆخ) دێتە کایەوە. لەم وێنەیەی خوارەوەدا شێوە گشتییەکەی ڕێککەوتن لە نێوان کەرەستە سەرەکییەکانی ناو ڕستە ڕوون دەکەینەوە:




**وێنەی ژمارە (٣)**

جۆری ڕێککەوتنی کەرەستەکان بە چەند خاڵێك لە زمانە جیاجیاکاندا دەخەینەڕوو:

- لەهەندێك زماندا ناو لە ڕستەدا لە چ (کەس، ژمارە، ڕەگەز و دۆخ)یکدابێت، ئەوا ناوی ئاماژە یان هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی لە گەڵیدا دەردەکەون سەر بۆ هەمان (کەس، ژمارە، ڕەگەز و دۆخ) دادەنەوێنن بۆ نموونە:

(٢٣) جاء الولدُ

جاء هذا (Demonstrative) الولدُ (N) الذكي (Adj)

Agr

رأيتُ البنتين

رأيتُ هاتين البنتين (N) الذكيتين الجميلتين (Adj)

Agr

- زمان هەیە ڕێککەوتن لە نێوان ناو و ناوی ئاماژەدا دەبێت تەنها لە ژمارەدا، وەکو زمانی ئینگلیزی، بۆ نموونە:

(٢٤)

Agr

This (Demonstrative) handsome boy (N) came

(ئەو کوڕە قۆزە هات)

Agr

These (Demonstrative) handsome boys (N) came

(ئەو کوڕە قۆزانە هاتن)

- جۆرێکی تر لە زمانەکان ڕێککەوتنەکەیان لە نێوان (بکەر) و (کار) دایە، کە لەکەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، وەکو زمانی تورکی، بۆ نموونە:

(٢٥)

Agr

Sen (Sub) bizi gördü (V)

تۆ ئێمە بینیت

(تۆ ئێمەت بینی)

- هەندێك زمانی تر ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر) و (بەرکار) دایە، وەکو زمانی سنهالی و زمانی کوردی بۆ نموونە:

(٢٦) ئێمە (Sub) نانمان (Obj) خوارد.

Agr

ئەگەر بەرکار دەرنەکەوێت جۆری ڕێککەوتنەکە دەگۆڕێت بەم شێوەیە:

**ئێمە خواردمان**

- **ئەو زمانانەش کە ڕێککەوتن لە نێوان (بەرکار) و (کار) دایە بە زمانی ئێرگەتیڤی[*] ناسراون، وەکو زمانی باسك و زاری کرمانجی سەرووی زمانی کوردی، بۆ نموونە:**

**(٢٧) من <u>هون</u> (Obj) <u>دیتن</u> (V)**

**Agr**

**(وریا: ٢٠٠٩: ١٦١)**

## ١-٥-١-٢ ڕێککەوتنی واتایی Notional Agreement:

**بۆ ئەوەی ڕستەیەکی دروست دەربڕین، پێویستە لە پاڵ ڕێککەوتنی ڕێزمانی ڕێککەوتنی واتاییش بوونی هەبێ. ڕێککەوتنی واتایی سازان و گونجانی کەرەستەکانی ناو ڕستەیە لەگەڵ یەکدا لە ڕووی واتاوە، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو:**

**(٢٨) دارەکە نانی خوارد*.**

---

(*) **زمان یان دۆخی ئێرگەتیڤ Ergative: ئەو دۆخە تایبەتەیە، کە پەیوەندی کارەکتەرەکانی نێوان ناوەکانی ڕستە دیاریدەکات. دەتوانرێت جیاوازی زۆر گەورە لە نێوان زمانی ئێرگەتیڤی و زمانی ناوی لەسەر بنچینەی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جیاوازییانە دەکەن لە قۆناغی گواستنەوەدا دیاریبکرێت. بە نزیکەیی هەموو زمانە ئێرگەتیڤییەکان تیشك (ترکین)یان لەسەر گوتە (Utterance)یە، هەرچی زمانە ناوییەکانە تیشکیان لەسەر بکەری ڕستەکەیە. لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا بکەری ڕستە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ وەکو یەك هەڵسوکەوت دەکات، لە کاتێکدا تەواوکەری ڕاستەوخۆی کارە تێپەڕەکان هەڵسوکەوتییان جیاوازە. لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا بکەری کاری تێپەڕ هەمان هەڵسوکەوتی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری تێپەڕی هەیە، و ئەوە بکەری کارە تێنەپەڕەکانە، کە هەڵسوکەوتییان جیاوازە. زمانەکانی وەکو باسك، ئەسکیمۆ، تبتی و کوردی (زاری کرمانجی سەروو) نموونەی زمانی ئێرگەتیڤین. (تراسك و ستۆکوێل: ٢٠٠٧: ٣٦-٣٧)**

له ڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەیەکی دروستە، پێکهێنە سەرەکییەکانی ڕستەی تێدایە و ڕێکەوتنی ڕێزمانیش هەیە لە نێوان کەرەستەکان (بکەر و بەرکار)، بەڵام لەڕووی واتاوە نەنگ و نادروستە، چونکە بکەری ڕستەکە (دار) توانای ئەنجامدانی کاری (خواردن)ی نانی نییە.

ئەم جۆرە ڕێککەوتنە پێویستی بە نیشانە یان ڕیزبوونی کەرەستەکان نییە، بەڵکو تەنها لە ڕووی لۆجیك و واتاوە کار لەگەڵ کەرەستەکانی تری ناو ڕستەدا ڕێك دەکەوێت. زۆر جار نە بە ناوەوە، نە بە کردارەوە نیشانەی کۆ نییە، واتە چ ناوەکە و چ کردارەکە بە تاك هاتوون، کەچی مەبەست مانای کۆ دەگەیەنێت.

(٢٩) ئەرێ کارگ لە کوردستان شین دەبێت؟

(ئەوڕەحمان: ١٩٧٩: ١٥٤)

کار لەگەڵ فرەیزی ناوی بکەردا ڕێك دەکەوێت بێ ئەوەی گرینگی بەوە بدرێت بکەر تاکە یان کۆ، ئەمە (لەو ناوانەی بە فۆڕم تاك و بە واتا کۆ دەنوێنن – collective nouns) وەکو ناوەکانی (گەل، میللەت، خەڵك، ... هتد، بە ڕوونی دەردەکەوێت (سازە: ٢٠٠١: ٣٩). وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(٣٠) گەلی کورد ڕاپەڕی. گەل ڕاپەڕی.

گەلی کورد ڕاپەڕین . گەل ڕاپەڕین.

ڕێککەوتنی کار لەگەڵ فرەیزە ناوییەکەدا لە هەردوو باری تاك و کۆ هەمان واتا دەبەخشێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ناو یان تاکە یان کۆیە، بە تایبەتی ناوی گشتی بە هەردوو شێوەکە بە کاردێت. وەکو:

(٣١) ژن بە نرخە.

ژن بە نرخن.

### ١-٥-١-٣ ڕێککەوتنی نزیکی Agreement of Proximity؛

لەم جۆرە ڕێککەوتنەدا کردار لەگەڵ هەر ناوێك یان جێناوێك ڕێك دەکەوێت، کە پێش کارەکە بکەوێت. (بڕوانە کۆربێت: ١٩٧٩: ٢٦٠) ، کارەکە نزیکترین ناو یا جێناوی پێش خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ڕێککەوتن لەگەڵیدا، بۆ نموونە:

(٣٢) نە من هات م نە تۆ.

Agr

نە لەنجە هات Ø نە لێوان.

Agr

(٣٣) نە ئەوان هاتن نە ئێوە Ø

ڕێککەوتن نییە

نە من دێم نە ئەوان Ø

ڕێککەوتن نییە

## ١-٦ دۆخ لە زمانە ئێرانییەکاندا

زمانە ئێرانییەکان هاوشێوەی زمانەکانی تر بە کاریگەریی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی چەندین گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و گەلێك دیاردە و نوێبوونەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە. لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا، سیستەمی دەوڵەمەندی دۆخی ناوی کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ڕێککەوتنەوە، بەهۆی زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاستەوە تەنها چەند دۆخێکی بەرهەڵستکار مانەوە: دۆخی بێ نیشانە، ڕاستەوخۆ Direct (بەردەوامبوونی دۆخی Nominative ی ئێرانی کۆن) لە هەندێك ژینگەدا جیاوازە لە دۆخی نیشانەدار، ناڕاستەوخۆ Oblique ( کە بە زۆری ڕەنگدانەوەی دۆخی Genitiveی ئێرانی کۆن)ە.

تا ئێستاش جیاوازی دۆخی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆن لە زمانەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی نوێدا ماوە، هەرچەندە هەندێکیان بە تەواوی دیار نەماون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زمانەکان نیشانەی دۆخیان زیندوو کردۆتەوە (often grammaticalized adpositions) وەك ئەوەی لە بنیادنانی دۆخی Genitive و Accusative نوێدا بەکاردێت. (هایگ: ٢٠٠٧: ٩٦)

لە زمانی فارسی نوێدا تاکە خەسڵەتێکی سیستەمی دۆخ کە مابێتەوە، زیادکردنی پاشگری (-rā)یە بۆ هەردوو تەواوکەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەڵام لە زمانی فارسی مۆدێرنی نوێدا بە زۆری تەنها لە تەواوکاری ڕاستەوخۆدا هەیە. لە هەندێك لە زمانە ئێرانییەکانی ڕۆژئاوا وەکو فارسی و کوردی، دۆخی خستنەپاڵ Genitive لەناوچووە و ئیزافە شوێنی گرتۆتەوە، لە زمانەکانی تری وەك مازەندەرانی و بلوچیدا دۆخیGenitiveپارێزراوە.(جەهانی:٢٠٠٣: ١١٧)

## ١-٦-١ دۆخ و ژمارە

تایبەتمەندی زمانە ئێرانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن، تا ئێستاش لە هەندێك لە زمانە ئێرانییە مۆدێرنەکاندا ماوە، (بۆ نموونە تروکمانی بلوچی، یان گروپی باکوری کوردی) لە بارەی تێکەڵ کردنی دۆخ و ژمارە. سیستەمی ناو و جێناوە کەسییەکانەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە کار دەکەن:

ناو و ئاوەڵناوە تاکەکان هیچ جیاوازییەکی دۆخیان نییە ئەمەش بەبێ نیشانە دەیان هێڵێتەوە بێ گوێدانە ئەرکی سینتاکسی. لە کۆکردنیشدا هەر بێ نیشانەن ئەگەر بەکار بهێندرێن لەو ئەرکانەی کە پەیوەندییان بە دۆخی ڕاستەوخۆوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دۆخی ڕاستەوخۆدا ناوەکان هیچ جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان تاك و کۆدا پیشان نادەن. لە لایەکی ترەوە ناو و ئاوەڵناوەکان لە ئەرکی ناڕاستەوخۆ و کۆدا بە پاشگری (ān–) نیشانە دەکرێن، وەك لە خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| | Singular(تاك) | Plural (كۆ) |
|---|---|---|
| Direct (ڕاستەوخۆ) | *unmarked* (بێ نیشانە) | *unmarked* (بێ نیشانە) |
| Oblique (ڕاستەوخۆ) | *unmarked* (بێ نیشانە) | *marked (-ān)* (نیشانەدار) |

(هایگ: ٢٠٠٧: ٩٨-٩٩)

بەڵام ئەمە حاڵەتی دۆخی بکەری (Nominative) ناگرێتەوە.

### ١-٦-٢ دۆخ و کەس

لە جێناوە کەسییەکانی یەکەم و دووەم، واتە بەشداربووانی کردەی قسەکردن ( Speech Act Participant "SAP") شێوەی جیاوازی دۆخی ناڕاستەوخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك دەبینرێت (لە زمانی ئەشکانی بۆ ڕاستەوخۆ az و بۆ ناڕاستەوخۆ man) بۆ کەسی دووەمی تاك ئەم جیاوازییە پێشنیارکراوە، بەڵام بە نادیاری ماونەتەوە، بۆ نموونە:

| | Singular(تاك) | | Plural (كۆ) | |
|---|---|---|---|---|
| | Direct (ڕاستەوخۆ) | Oblique (ناڕاستەوخۆ) | Direct (ڕاستەوخۆ) | Oblique (ناڕاستەوخۆ) |
| 1p (کەسی یەکەم) | *az* | *man* | *amāh* | |
| 2p (کەسی دووەم) | *tū* | *tō* | *ašmāh* | |
| 3p (کەسی سێیەم) | *hō* | | *hawīn* | |

لە تێکستەکانی دواتری زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست جیاوازی نییە لە نێوان دۆخی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کەسی یەکەم و دووەمی تاك، بەڵام فۆڕمێکی تاکی بۆ هەموو ئەرکەکان بەجێ هێشتووە. (هایگ: ٢٠٠٧: ١٠١)

# بەشی دووەم: دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا

**٢/ سەرەتا**

**٢-١ دۆخی ناڕۆنانی**

**٢-٢ دۆخی ڕۆنانی**

**٢-٣ پاڵێوەری دۆخ**

**٢-٤ پێدەری دۆخ**

**٢-٥ دۆخ  و ڕۆڵی بابەتانە**

**٢-٦ دۆخ لە پرۆگرامی بچوککراوەدا**

# بەشی دووەم
# دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا

## ٢/ سەرەتا:

لە ڕێزمانی نوێدا، (تیۆری دۆخ یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government-Binding)، کە لێکۆڵینەوە لە بارەی پێدانی دۆخی نابەرجەستە (ئەبستراکت–Abstract) و تێگەیشتنی مۆرفۆلۆجیانە دەکات، هەروەها سنوردانان بۆ دابەشبوونی فرەیزە ناوییە فەرهەنگییەکان لە ئاستی سەرەوە (S-structure)). (کریستال: ٢٠٠٣: ٦٤) سیستەمی دۆخی نابەرجەستە زیاتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دۆخ بوو لە زمانە دابڕاوەکاندا، کە تیایدا هیچ پاشماوەیەکی دۆخی نیشانەدار لەو پۆلە زمانانەدا بەدی ناکرێت، دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا چەمکی دۆخ لە زمانەوانی نوێدا زیاتر پابەندی دەنگ و واتایە بە جۆرێك:

١. دەرکەوتنی دەنگی هەر فرەیزێکی ناوی مەرجە لە دوو توێی دەرکەوتنیدا دۆخێك لەخۆ بگرێت.
٢. دەبێت لە ناوەڕۆکی فرەیزە ناوییەکەوە جۆرەکەی دەستنیشان بکەین، بەمەش دۆخ چەمکێکی واتایی دەبێت نەك ڕێزمانی، ئێمە پێمان وایە ئەم جۆرە دۆخە زیاتر لە ڕۆڵی واتایی (Theta Role) نزیك دەبێتەوە، نەك دۆخی مۆرفۆلۆجی.

<u>**دۆخی ئەبستراکت (Abstract Case):**</u> لەگەڵ سیستەمی دۆخی ڕێزمانی لە زمانەکاندا، دۆخێکی تر هەیە کە تەواو نەبینراو (Abstract)ە و نیشانە و شێوەی ڕێزمانی تایبەتی نییە بۆ ناسینەوەی. (بلەیك: ٢٠٠٤: ٥٧) لە ڕێزمانی نوێدا ئەو دۆخانەی نابەرجەستەن، واتە پێویستیان بە نیشانەی ڕێزمانی نییە بۆ دەربڕینیان، پێیان دەوترێت دۆخی ئەبستراکت. لە زمانی ئینگلیزیدا سیستەمی دۆخی ڕێزمانی لە جێناوە کەسییەکاندا بەرجەستە دەبێت (I/me, he/him, etc.)، بۆچونێکی تر هەیە پێی وایە، کە دەبێت دۆخ بە هەموو ناوەکانی زمانی

**ئینگلیزی بدرێت. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە هەندێك لە زمانەوانەکان دۆخ بە دیاردەیەکی جیهانی دادەنێن. (هەمان سەرچاوە: ٥٨)**

**دوو جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان دۆخ لە تیۆری GB و دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا، کە ئەمانەن:**

١. **دۆخ دیاردەیەکی نابەرجەستە (Abstract)یە، واتە بێ نیشانەیە (نیشانەی مۆرفۆلۆجی).**

٢. **دۆخ دیاردەیەکی زمانی جیهانیی (Universal)ە، واتە هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی ئەم دیاردەیەن.**

**(٣٤) ا/ يُقَّبلُ الولدُ البنتَ**

**ب/ کوڕەکە کچەکەی ماچکرد**

**ت/ The boy kisses the girl**

**لەم نموونانەی سەرەوە بەپێی سروشت و ڕێسای زمانەکان دۆخەکان دیاریدەکرێن، ئەگەر لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی (الحرکات الاعرابی)یەوە دۆخەکان دیاریبکرێن ئەوا لە زمانەکانی ئینگلیزی و کوردیدا بەهۆی شوێنی کەرەستەکان لە ڕیزبونیان لە ڕستەدا دیاریدەکرێت، بەڵام هەر سێ زمان هەمان جۆر دۆخیان تێدا هەیە، لەم نموونانەی سەرەوەدا جیاوازییەکان زۆر بە ڕوونی لە نێوان دۆخ لە ڕێزمانی دێرین و نوێدا دەردەکەوێت، بە پێی تێڕوانینی ڕێزمانی دێرین بۆ دۆخ، تەنها زمانی عەرەبی خاوەنی ئەم دیاردەیەیە، لەبەر ئەوەی لەم زمانەدا نیشانە مۆڕفۆلۆجییەکان دەرکەوتوون بۆ پیشاندانی دۆخە جیاوازەکان، کەچی لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردیدا ئەم نیشانانە نابینرێن، ئەمە بۆ خاڵی جیاوازی یەکەم، لە خاڵی دووەمدا کە بە گوێرەی ڕێزمانی نوێ دۆخ دیاردەیەکی جیهانییە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر ئەم خاڵە وانەبێت ئەوا ناتوانین بڵێن: هەموو زمانەکانی جیهان هەمان دیاردەن و بە هەمان کەرەستە هەمان ئەرك جێبەجێدەکەن.**

**بیردۆزی دۆخی ستاندارد، دۆخ دابەشی سەر دوو جۆر دەکات: ڕۆنانی و نا ڕۆنانی، کە لە ڕەفتار و شێوازی پێدانیان لە یەکتر جیاوازن. دۆخی ناڕۆنانی جارێکی تر دابەشی سەر دوو**

جۆری جیاواز دەبێت ئەوانیش: (فەرهەنگی و بنجی)ن، بە هەمان شێوە لە ڕەفتار و شێوازی پێدانیان لە یەکتر جیاوازن).




(ولفۆرد: ٢٠٠٦: ١)

**وێنەی ژمارە (٤)**

## ٢-١ دۆخی ناڕۆنانی Non- Structural Case:

دۆخی فەرهەنگی و بنجی دەگرێتەوە، ئەم دۆخانە وەکو یەك ڕەفتار دەکەن و جیاوازن لە دۆخە ڕۆنانییەکان (بۆ نموونە لە دۆخ پاراستن (Case Preservation)لە کاتی گواستنەوەی فرەیزە ناوییەکان)، لەگەڵ ئەوەشدا دوو جیاوازی گرینگ لە نێوان دۆخی فەرهەنگی و بنجیدا هەیە، ئەوانیش: یەکەمیان پێشبینی کردن[*]، دووەمیان شوێنی سێتا (Theta position) و پەیوەست بوونیان پێوەی دەگرێتەوە. (هەمان سەرچاوە: ١)

---

[*] مەبەست لە پێشبینی کردن ئەوەیە، کە هەموو قسەکەرێکی زمانی دایك دەبێت بزانێت:

١. هەر وشەیەك لە فەرهەنگدا واتای چییە.

٢.چۆن ئەو وشانە دەدرکێنێت.

٣. چۆن لە ڕستەدا بەکاریان دەهێنێت.

## ٢-١-١ دۆخی فەرهەنگی Lexical Case:

ئەو دۆخانەن کە بەشێوەیەکی تایبەت سەرەی فەرهەنگی دیارییان دەکات، دۆخی فەرهەنگی پەیوەستە بە سیتا ڕۆلەوە و توانای پاراستنی دۆخی هەیە لە کاتی گواستنەوەی فرەیزە ناوییەکان (Movement)دا. دۆخی فەرهەنگی دەشێت لەسەر بابەت (Theme) یان ئارگۆمێنتی ناوەکی دەرکەوێت، نەك وەکو دۆخی بنجی کە لەسەر ئارگۆمێنتی دەرەکی و ئارگۆمێنتی گۆڕاوی فرەیزی دیارخەری ئامانج. سەرەی فەرهەنگی بەشێوەیەکی ناڕێسایی دۆخی فەرهەنگی دەدات. (هەمان سەرچاوە: ٢) بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا جێناوەکان لە هەر شوێنێك بن سیمای فۆنەتیکی و تایبەتمەندی فەرهەنگی خۆیان دەپارێزن، بۆیە ناچار دەبێت دۆخ لە شوێنەکەوە وەربگرن.

(٣٥) ئەو هات.

من ئەوم دیت.

من بە ئەوم وت.

## ٢-١-٢ دۆخی بنجی: Inherent Case:

دۆخی بنجی ئەو دۆخانەن کە بە هەندێك ئارگۆمێنتی تایبەتی پریدیکاتەکان دەدرێت و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەون. دۆخی بنجی پێش جولأنەوەی فرەیزە ناوییەکان دەردەکەوێت، بۆیە ئەو زمانانە پێناسەی ئەو جۆرە دۆخە دەکەن کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو گوێزانەوەی فرەیزەکان تیایاندا ڕوو دەدات، دۆخی بنجی لە زمانی کوردیدا بەدیناکرێت، چونکە گوێزانەوەی فرەیزی ناوی کەم ڕوودەدات، بەمەش دۆخەکە لە ئاستی ژێرەوەدا دەمێنێتەوە، لە لایەکی ترەوە دۆخی بنجی لەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کەوا کارەکان توانایان هەیە لە ڕستەدا دەسەلأت بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆدا بگرن. کار لە زمانی کوردیدا ئەو توانایەی نییە، باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە دۆخە زمانی عەرەبییە، لە خوارەوە دۆخی بنجی لە زمانی عەرەبیدا ڕوون دەکەینەوە:

(٣٦)            مَنَحَ الوزيرُ الموظفَ جائزةً.

لەم ڕستەیەی سەرەوە (الوزیرُ) بەهۆی نیشانە ڕێزمانییەکەیەوە ( ُ ) دەرکەوتووە کە دۆخی Nominativeی وەرگرتووە، هەریەکە لە (الموظفَ، جائزةً) بەهۆی نیشانەی ( َ ) دۆخی Accusativeیان وەرگرتووە، بەڵام کاتێك ڕستەکە دەکرێت بە بکەر نادیار بەم شێوەیە:

مُنِحَ الموظفُ جائزةً.

دەبینین بەرکاری یەکەم (الموظفُ) نیشانە ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت ئەمە وا دەکات دۆخەکەشی بگۆڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی (جائزەً) وەکو خۆی ماوەتەوە، توانیویەتی دۆخەکەشی بپارێزێت، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین مەرجی پێویست بۆ دۆخی بنجی فرەیزە ناوییەکان، ئەوەیە کە دۆخەکانیان بپارێزن (Case Preservation)لە کاتی گواستنەوەیاندا لە ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوە.

تێبینی دەکرێت پەیوەندییەکی بەهێزی واتایی پێویستە هەبێت لە نێوان پێدەر و وەرگرەکانی دۆخ بۆ پێدانی دۆخی بنجی، چۆمسکی مەرجی هاوڕێکی ( Uniformity Condition) پێشنیار دەکات، کە دوو مەرجن و پێویستن لە پێدانی دۆخی بنجیدا هەبن، ئەگەر ¤[*] نیشانەی دۆخی بنجی بێت، ئەوا مەرجی یەکەم پێویستە ¤ نیشانەی θی فرەیزە ناوییەکان بێت، مەرجی دووەم پێویستە ¤ یەکێك بێت لە کەتیگۆرییەکانی (N+) وەکو ناو (N) و ئاوەڵناو (A).(جیۆنگ: ٢٠٠٣: ٢٥)

با ئێستا نموونەی ئەو دۆخانە وەربگرین، کە بە دۆخی بنجی دادەنرێن و ئەو مەرجانەی سەرەوەیان بەسەردا جێبەجێ بکەین.

## ٢-١-٢-١ دۆخی خستنە پاڵ Genitive:

دۆخێکی بنجییە و لەلایەن ناو (N) و ئاوەڵناو (A)ەوە، کە کەتیگۆری (N+)ن دەدرێن بە فرەیزە ناوییەکان، بۆچونێك هەیە پێی وایە کار (V) لەبەر ئەوەی کەتیگۆرییەکی (N−)ە

---

[*] (¤) نیشانەیەکی ئاساییە و بۆ ئاسانکاری وەکو هێمای دۆخی بنجی بەکارهاتووە.

ناتوانێت Genitive دیاری بکات. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دۆخە بەهۆی پریپۆزشنی (of)ەوە دەناسرێتەوە.

(٣٧) a. He believes that his students are honest.

(باوەڕی وایە، کە خوێندکارەکانی بەڕێزن)

b. He believes his students.

(باوەڕی بە خوێندکارەکانی هەیە)

(٣٨) a. he is proud that his students are honest.

(ئەو شانازی دەکات، کە خوێندکارەکانی بەڕێزن)

b. he is proud of his students.

(ئەو شانازی بە خوێندکارەکانییەوە دەکات)

(٣٩) a. his belief that his students are honest.

(باوەڕی ئەوەیە، کە خوێندکارەکانی بەڕێزن)

b. his belief of his students.

(باوەڕی بە خوێندکارەکانی)

لە ٣٧a و ٣٨a و٣٩a ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا N و A و V لە ڕووی پێدانی ڕۆڵی سێتاوە لە یەکتر جیاناکرێنەوە، بەڵام لە b٣٧ و b٣٨ و b٣٩ دەردەکەوێت کەوا V لە ڕووی پێویستی هەبوونی پریپۆزیشنی (of)ەوە لە هەریەك لە N و A جیاوازە و پێویستی بەم پریپۆزشنە نییە کاتێك فرەیزی ناوی وەکو تەواوکەر وەردەگرێت.

ئەگەر هەبوون و نەبوونی پریپۆزیشنی (of) مەرجی دۆخی Genitive بێت ئەوا V ناتوانێت ئەو دۆخە بدات، بەڵام چۆمسکی بە چەند نموونەیەك ئەوە دەخاتەڕو کەوا کاریش دەتوانێت دۆخی بنجی Genitive بدات.

(٤٠) a. I persuaded John that it is important to go to college.

(من جۆنم ڕازیکرد کە گرینگە بچێت بۆ کۆلێج)

b. I persuaded John of the importance of going to college.

(من جۆنم ڕازیکرد لە گرینگی چوونی بۆ کۆلێج)

c. John was persuaded of the importance of going to college.

(جۆن ڕازی بوو لە گرینگی چوونی بۆ کۆلێج)

کاری persuaded لە a دوو تەواوکەر وەردەگرێت، تەواوکەری یەکەم John و تەواوکەری دوەم that it is important to go to college. تەواوکەری یەکەم دۆخی ڕۆنانی (accusative) دیاریدەکات بەهۆی کارەکەوە و تەواوکەری دووەم دۆخ دیاری ناکات. لە b تەواوکەری دووەمی هەمان کار دۆخی بنجی دەدات کەوا بە ڕێگای (of-insertion)ەوە دەناسرێتەوە. تەواوکەری دووەم لە b و c دۆخی بنجی دیاریدەکەن، لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی کە ئەو کارانەی دەکرێنە بکەر نادیار توانای پێدانی دۆخی بنجییان دەمێنێت، بەڵام ئەو توانایەیان بۆ پێدانی دۆخی ڕۆنانی لە دەست دەدەن، دەتوانین بڵێین Vپێدەری دۆخی بنجییە.

## ٢-١-٢-٢ دۆخی کارتێکراو (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) Dative:

دۆخی ئەو فرەیزە ناوییانەیە کە بەهۆی کارەوە بکەری ڕستەکە کاری کردووەتە سەر کەس یان شتێك و لە ئەنجامدا گۆڕانێکی لە هەڵسوکەوتیدا دروست کردووە، یان (ئەو دۆخە جوڵاوەیە کە بەهۆی بارێکەوە یان کارێکەوە کاری تێکراوە و لەلایەن کارەوە دیاریدەکرێت) (فیلمۆر: ١٩٦٧: ٤٦). وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(٤١) شاکێو کەروێشکەکەی گرت.

چۆمسکی لە ساڵی ١٩٨١ پێکهاتەی دوو بەرکاری لە زمانی ئینگلیزیدا شیکردەوە و خستییەڕوو، کە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ بابەتی پێدانی دۆخی بنجیدا، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**a. John gave a book to Bill.** (٤٢)

**b. John gave bill a book.**

لە ٤٢a بەرکاری یەکەم a book لەلایەن کارەکەوە دۆخی Accusative وەردەگرێت، و بەرکاری دووەمیش Bill لەلایەن پریپۆزیشنەوە Accusative یان oblique وەردەگرێت. لە ٤٢b بەرکاری یەکەم دۆخی Accusative وەردەگرێت و لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کەوا V دەتوانێت Accusative تەنها بە یەك فرەیزی ناوی بدات، بەرکاری دووەم a book بەبێ دۆخ دەمێنێتەوە، بۆیە چۆمسکی پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا بەرکاری دووەم a book لە b ٤٢دا بەهۆی کارەوە دۆخی بنجی وەردەگرێت، ئەم پێشنیارە بە گۆڕانی ڕستەکان بۆ بکەرنادیار پشت ڕاست کرایەوە، a book لە ٤٢b دۆخی بنجی دەدات، و بەرکاری دووەم ناتوانرێت بکرێت بە بکەرنادیار.

**a. Bill was given a book.** (٤٣)

**b. A book was given Bill*.**

دۆخی کارتێکراو لە دوا بەرهەمەکانی فیلمۆردا بۆ دۆخی (چێژەر Experience) گۆڕاوە و بواری بەکارهێنانیشی وا فراوان بووە، کە هەردوو دۆخەکە (کارتێکراو و چێژەر) بگرێتەوە. دۆخی کارتێکراو بە زۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دێت، کە توانا و ئامادەبوونێکی گەورەی تێدایە، تا لە ڕستەی بکەرنادیاردا شوێنی کارا بگرێتەوە. (یوسف: ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥).

(٤٤) دانیار (کارا) کۆترەکەی (کارتێکراو) گرت.

کۆترەکە (کارتێکراو) گیرا.

## ٢-٢ دۆخی ڕۆنانی Structural Case:

ئەو دۆخانەن کە بە فرەیزە ناوییەکان دەدرێت، دوای گواستنەوەیان لە ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوە. ئەگەر پەیوەندییەکی بەهێزی واتایی پێویست بێت لە نێوان پێدەر و وەرگرەکانی دۆخ بۆ پێدانی دۆخی بنجی، ئەوا پەیوەندییەکی ڕێکی ڕۆنانی پێویستە بۆ پێدانی دۆخی ڕۆنانی،بە واتایەکی تر دۆخی ڕۆنانی لە هەندێك زماندا بەهۆی نیشانەی مۆرفۆلۆجییەوە دیاریدەکرێت و لە هەندێك زمانی تر بەهۆی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ناو ڕستەدا.

تیۆری دۆخ، دۆخەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە کە دەدرێن بە فرەیزە ناوییەکان، ئەو کەرەستانەی چاڵەکان لە ئاستی سەرەوەدا پڕدەکەنەوە بە دۆخی ڕۆنانی ناسراون، و ئەو کەرەستانەی پەیوەستن بە ئارگۆمێنتە تایبەتەکانی پریدیکاتەکانەوە بە دۆخی بنجی ناسراون. بەم پێیە Nominative و Accusative دۆخی ڕۆنانین، چونکە بەهۆی چاڵە ڕۆنانییەکانەوە دۆخەکانیان پێدەدرێت. دیارخەری ڕێکەوتن و تەواوکەری کار ڕێکخستنە ڕۆنانییەکەن، کە دۆخەکە دیاریدەکەن. (کوك: ١٩٩٧: ٢٢٥-٢٢٦). لە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە کەتیگۆرییەکانی (N-) پێدەری دۆخی ڕۆنانین، کە کار (V) و ئامرازی بەند (P) دەگرێتەوە، ئەگەر لە پێدانی دۆخی ناڕۆنانی کێشە لەسەر ئەوە بێت کە تەنها کەتیگۆرییەکانی (N+) دەتوانن ئەو دۆخانە بدەن، ئەوا لە پێدانی دۆخی ڕۆنانیدا توشی ئەو کێشەیە نابین، چونکە دۆخی ڕۆنانی لەلایەن کەتیگۆرییەکانی (N-)ەوە دەدرێن، کە (V و P)ن. با سەرەنجی خەسلەتی کەتیگۆرییەکانی کەتیگۆری فەرهەنگی سەرەکییەکان بدەین، کە لە لایەن (چۆمسکی، ستۆوێل و گریمشاو)ەوە پێشنیارکراوە.

N {+N , -V}

A {+N , -V}

V {-N , +V}

P {-N , -V}

(جیۆنگ: ٢٠٠٣: ٢٤)

هەردوو دۆخی بکەری Nominative و دۆخی بەرکاری Accusative وەك نموونەی دۆخە ڕۆنانییەکان وەردەگرین.

### ٢-٢-١ دۆخی بکەری Nominative:

ئەو دۆخە ڕۆنانییەیە کە بەو فرەیزە ناوییانە دەدرێت کە چاڵی بکەر پڕدەکەنەوە (بکەر، ئەگەر فرێزێکی ناویی بەرجەستە بێت یان نا، دۆخی ڕێزمانی پێدەدرێت)(مەحوی: ٢٠٠١: ١٦٣). لەو زمانانەی ڕیزبوونی کەرەستەکان دۆخەکان دیاریدەکەن، یان بە نیشانەی مۆرفۆلۆجی تایبەت دەردەبڕدرێن لەو زمانانەی کە نیشانە مۆرفۆلۆجییەکان دۆخەکان دیاریدەکەن. لە زمانی کوردیدا چاڵی یەکەم لە ڕستەدا بکەر پڕی دەکاتەوە، چونکە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە جۆری (SOV)ە، و ئەم ڕیزبوونەش پەیوەندییەکانی دۆخ دیاریدەکات، بەڵام لە هەندێك زماندا نیشانە ڕێزمانییەکان جۆری دۆخەکە دیاریدەکەن. وەك لەم نموونانەدا ڕوون دەبێتەوە:

(٤٥) ڕاز (Nom) ڕێسای برد.

ڕێسا (Nom) ڕازی برد.

بۆ دۆخی نیشانەداریش:

أكل محمدُ تفاحةً.

رأيتُ محمدَ.

### ٢-٢-٢ دۆخی بەرکاری Accusative:

دۆخی ڕۆنانی ئەو فرەیزە ناوییانەیە، کە بوونەتە بەرکاری کاری تێپەڕ لە ڕستەدا. کار لە زمانی کوردیدا دەتوانێت ئەم دۆخە دیاری بکات، چونکە بەپێی ڕیزبوونی کەرەستەکان بەرکار نزیکترین کەرەستەیە لە کارەکەوە و لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە دۆخدەر دۆخ بە نزیکترین

کەرەستە لە خۆیەوە دەدات، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا دۆخی Accusative لەلایەن کاری تێپەڕی ڕستەوە دیاریدەکرێت. لەم ڕستەیەدا:

(٤٦)		من نامەکەم نووسی.

کاری (نووسی) دۆخی بەرکاری داوە بە فرەیزی ناوی (نامەکە) و دەم (صیغە)ی کارەکەش دۆخی بکەری دیاریدەکات، لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا باشتر ڕوون دەبێتەوە:




وێنەی ژمارە (٥)

## ٢-٣ پاڵێوەری دۆخ Case Filter:

هەموو فرەیزێکی ناوی دەرکەوتوو لە ڕۆنانی سەرەوەدا پێویستە بە پاڵێوەری دۆخدا تێپەڕیبێت. ئەو مەرجەی پێویستە بۆ دەربڕین و دیاریکردنی دۆخ ئاماژە بە پاڵێوەری دۆخ دەکات. پاڵێوەرەکە داوادەکات، کە دەبێت بە هەر فرێزێکی ناوی دۆخێکی ڕێزمانی درابێت،

لەبەر ئەمەیە فرێزی ناوی نادروست دەبێت NP*، ئەگەر ئەم فرێزە ناوییە ناوەڕۆکی فۆنەتیکیی هەبێت و دۆخی ڕێزمانی پێنەدرابێت. (محەمەدی مەحوی: ۲۰۰۱: ۳۵)، بە واتایەکی تر ئەو فرەیزە ناوییانەی دەرکەوتنی فۆنەتیکییان هەیە دۆخ وەردەگرن، ئەگەر فرەیزێك دەرکەوتنی نەبوو لە پاڵێوەری دۆخ دەرناچێت و پێویستی بە دۆخ نییە. دوو دیاردەی بەرچاو هەیە لە پاڵێوەری دۆخدا:

یەکەم: هەموو ناوێك دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر پێکهاتی فۆنەتیکی هەبێت.

دووەم: هەموو ناوێك دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر پێکهاتی واتایی هەبێت.

(ڤیتا مارك مان: ۲۰۰۷: ۳)

وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

(٤٧) ا/ من دەزانم دەریا نایکەیت.

ب/ من دەزانم Ø نایکەیت.

لەبەر ئەوەی لە ڕستەی (ا)دا (دەریا) ناوێکە ، و بە شێوەی فۆنەتیکی و واتایی دەرکەوتووە، بۆیە خاوەنی دۆخە، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا (دەریا) لابراوە کەواتە پێکهاتی فۆنەتیکی لە دەست داوە بەمەش بە پاڵێوەرەکەدا تێناپەڕێت و هیچ دۆخێکی پێنادرێت.

ئەو پێوانەیەی بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو فرەیزێکی ناوی دەرکەوتوو لە ڕستەدا بە خاوەنی یەکێك لە تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان دادەنێت پێی دەوترێت دۆخەکان (Cases)، وەکو Nominative و Accusative و Genitive، کە لەلایەن پاڵێوەری دۆخەوە داواکراوە. (تراسك: ۱۹۹۳: ٣٦) نەبوونی دۆخ بۆ هەر فرەیزێکی ناوی ڕستەی ناڕێزمانی دێنێتە بەرهەم، کەواتە پاڵێوەری دۆخ مەرجی سەرەکی دروستی ڕستەیەکە لە ڕووی هەبوونی دۆخ و ڕێزمانی بوونییەوە.

(٤٨) شۆڕش ئاگری کردەوە.

شۆرش كردەوە*.

كانیاو ئاوەكەی گرتەوە.

كانیاو گرتەوە*.

## ٢-٤ پێدەری دۆخ Case Assigner

بە گشتی دۆخی هەر فرەیزێكی ناوی لەلایەن سەرەی ئەو كەرەستەیەوە دەدرێت كە فرەیزە ناوییەكە بۆی بووە بە تەواوكەری (بەپێی تیۆری دۆخ، تەنها سەرەكان كە لە كوردیدا "ڕەگی كردار و پریپۆزیشن و كات و كەس"ن، لە چوارچێوەی پێوەندی نێوان سەرە و تەواوكەردا دۆخی ڕێزمانی بە تەواوكەرەكانیان دەدەن) (ئازاد: ٢٠٠٨: ٦٠). كار (V) دەتوانێت دۆخی Accusative بدات بە بەركارەكەی پریپۆزیشن (P) دەتوانێت دۆخی Dative بدات بە تەواوكەرەكەی، بكەری دەركەوتووش لە ڕستەدا بەهۆی فرەیزی دیارخەری كات (IP)یەوە دۆخ وەردەگرێت. بۆ نموونە:

(٤٩) ڕێژنە میوەی خوارد.

كاری ڕستەكە دۆخی Accusativeی داوە بە تەواوكەرەكەی (میوە) لەبەر ئەوەی بكەر (ڕێژنە) دەركەوتنی فۆنەتیكی هەیە، بەپێی پرەنسیپی پاڵێوەری دۆخ دەبێت دۆخی بكەری وەربگرێت، هەر سەرەیەكیش لە توانایدا هەیە تەنها یەك دۆخ بدات بە نزیكترین كەرەستە لە خۆیەوە، لەبەر ئەوە كار (V) ناتوانێت دۆخ بدات بە بكەر، بۆیە ناچار بكەر دەجوڵێت بۆ شوێنی spec لە IP دا و لەژێر دەسەڵاتی IP دۆخی بكەری Nominative وەردەگرێت، واتە تێنس یان دەمەكان دۆخ بە بكەر دەدەن (بڕوانە سەباح: ٢٠٠٩: ٨٢) وەك لەم هێڵكارییەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:




**وێنەی ژمارە ( ٦ )**

**لە زمانەکانی جیهاندا بە گشتی سێ کەرەستە پێدەری دۆخن، کە ئەمانەن:**

١. **ئەرك Inflection (تێنس و ڕێکەوتن) دەگرێتەوە.**
٢. **کاری تێپەڕ Transitive Verb**
٣. **ئامرازی بەند (بە، لە، ....هتد) Preposition**

**لە ڕستەی:**

**(٥٠) هێدی گوڵەکەی د ا بە خۆشەویستەکەی.**

**(ا)ی ناو (دا) دۆخی داوە بە (هێدی) و کردویەتییە بکەر، (دا) دۆخی داوە بە فرەیزی ناوی پێش خۆی (گوڵەکە) کردویەتییە بەرکار، (بە) دۆخی داوە بە فرەیزی ناوی دوای خۆی و کردویەتییە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەم شێوەیە دەبینین فرەیزە ناوییەکان بەپێی تایبەتمەندیان ئەو دۆخە دەردەبڕن کە پێیان دراوە. هۆی ئەوەی (I) دەتوانێت دۆخ بدات، کە خۆی لە خۆیدا**

سەرەی ڕێزمانییە، ئەوەیە کە لە فەرهەنگدا هەموو وشە فەرهەنگییەکان دەچنە ناو ڕستەوە، تایبەتییە ڕێزمانییەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەڵام هەرچۆن یەك سەرە (فەرهەنگی/ ڕێزمانی) دەتوانن یەك دۆخ ببەخشن، بە هەمان شێوە دوو سەرەش ناتوانن لە هەمان کاتدا بە هەردووکیان دۆخ بە هەمان فرەیزی ناوی بدەن، لەبەر ئەوە بە ناچاری تایبەتییە ڕێزمانییەکان کە دێنە ناو ڕستەوە لە وشەکان دادەبڕێن و دەبن بە سەرەی نافەرهەنگی/ ڕێزمانی وەکو IP، DP، CP و دۆخ دەدەن بەو فرەیزە ناوییانەی دەرکەوتنی فۆنەتیکییان هەیە و دۆخیان پێنەدراوە.

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا کەرەستەکان بەپێی شوێن لە ڕستەدا دۆخ وەردەگرن، بۆیە لە ئاستی ڕستەدا بە (IP) دەست پێدەکەین:

**هێدی گوڵەکەی دا بە خۆشەویستەکەی.**




**وێنەی ژمارە (٧)**

## ٢-٥ دۆخ و ڕۆڵی بابەتانە

ڕۆڵی سێتا (Semantic role یان "θ role" theta role) پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەیە لە ئاستی ژێرەوەدا، و یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. ڕۆڵی بابەتانە: پەیوەندی واتایی نێوان کار و فرەیزە ناوییەکانی ڕستەیە، وەکو: کارا، بابەت، شوێن، ئامێر، ئامانج و سەرچاوە. (فرەمکین: ٢٠٠٢: ٥٩٦) یەکێك لە داواکارییەکانی ڕۆڵی θ مەرجی سێتا (theta criterion)یە، کە داوا دەکات هەموو ئارگۆمێنتێك تەنها و تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانەی پێبدرێت و هەموو ڕۆڵێکی بابەتانەش تەنها و تەنها بە یەك ئارگۆمێنت بدرێت. ئەوە ڕۆڵێکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی ئەو چالاّنەی کە NP یە گوازراوەکانی بۆ دەشێت (کریستاڵ: ٢٠٠٣: ٤٦٤). ئارگۆمێنتی بێ ڕۆڵی بابەتانە ( No theta-role for NP) ڕستەی نادروست ill-formed دێنێتە کایەوە، بۆ نموونە:

(٥١) John seems that Bill is tired*

(جۆن وادیارە، کە بێڵ ماندووە*)

It seems to John that Bill is tired

(بۆ جۆن وادەردەکەوێت، کە بێڵ ماندووە)

(٥٢) John was eaten the cake*

(جۆن بوو خواردن کێکەکە*)

The cake was eaten by John

(کێکەکە لەلایەن جۆنەوە خورا)

(ڤیتا مارك مان: ٢٠٠٧: ١)

لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئارگۆمێنتێك زیاتر لە ڕۆڵێکی بابەتانەی پێ بدرێت، ئەوە لادانە لە تیۆری θ و بە هەمان شێوە ئەنجامەکەشی ڕستەکە نادروست دەبێت ، بۆ نموونە:

(٥٣)                                     لێزان چووە بۆ هەولێر.

goal            Agent/theme

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا (لێزان) هەردوو ڕۆڵی کارا (Agent) و بابەت (theme)ی لەخۆ گرتووە، واتە لە لایەك دەبێتە ناوەڕۆکی ڕستەکە و لە لایەکی ترەوە هەڵسوڕێنەری کردارێشە، بەپێی ئەم تیۆرە ڕستەکە نادروستە، چونکە بە پێوەری ڕۆڵی بابەتانە دوو ڕۆڵ بە (لێزان) نادرێت. پریدیکاتەکان هەندێك شت لە بارەی بوونی سەربەخۆیی (Entity) ئارگۆمێنتەکان و پەیوەندییە واتاییەکانییانەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی دوو پرەنسیپدا، کە بریتین لە هەڵبژاردنی واتا (S-Selection) و هەڵبژاردنی کەتیگۆری (C-Selection) (بڕوانە سەباح: ٢٠٠٩: ١٠٧).

## ٢-٥-١ هەڵبژاردنی واتا ( Semantic Selection ):

هەڵبژاردنی ئەو کەتیگۆریانەیە بۆ پریدیکاتەکان، کە پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا هەیە یان (ئەو تایبەتمەندیەی یەکەی فەرهەنگییە، کە واتای ئارگۆمێنتەکان سنوردار دەکات بە گوێرەی ئەو ڕۆڵی (θ)یەی بەهۆی تۆڕی (θ)وە بۆ پریدیکاتەکان دیاریدەکرێت. (کوك: ١٩٩٧: ١٦٤). کار (V) ئەو فرەیزە ناوییە هەڵدەبژێرێت کە خاوەنی هەندێك سیمای تایبەتی خۆیەتی و لەگەڵ جۆری کارەکەش دەگونجێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

(٥٤)     کەوێڵ بەردی خوارد.          (ناگونجێت)

کەوێڵ سێوی خوارد.          (دەگونجێت)

کار لە هەڵبژاردنی واتادا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و بەهۆیەوە پەیوەندییە واتاییەکان لە نێوان بەشەکانی تری ڕستەدا دروست دەبێت. کار بە دوو ڕێگا پەیوەندی واتایی دەبەخشێت:

١. ڕاستەوخۆ کارەکە تەواوکارێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیدا بگونجێت، بەمەش پەیوەندی واتایی بە تەواوکارەکە دەبەخشێت، یان ئەو پەیوەندییەی بۆ دابین دەکات.

(٥٥) بەناز کتێبەکەی برد.

کاری (بردن) بەرکارێك (کتێب)ی هەڵبژاردووە کە خاوەنی سیمای هەڵگرتن یان گواستنەوەیە، بەمەش پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا دروست بووە.

٢. ئینجا کار (V) و تەواوکارەکەی (Complement) بەیەکەوە ڕۆڵ یان پەیوەندی بکەرەکە دیاری دەکەن.

(٥٦) تەلار وێنەکەی دڕاند.

کاری (دڕاندن) و تەواوکارەکەی (وێنەکە) پێویستیان بە بکەر (کارا)یەك هەیە، کە تواناى ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبێت. واتە دەبێت کار و تەواوکارەکەی بەیەکەوە لێك بدرێنەوە، تا بکەرێك بۆ ڕستەکە دیاری بکەن.

کار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەواوکارەکەی هەڵدەبژێرێت و بەهاوکاری تەواوکارەکەشی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بکەر هەڵدەبژێرێت.

(٥٧)



## ٢-٥-٢ هەڵبژاردنی کەتیگۆری ( Category Selection )؛

کەتیگۆری هەڵبژاردن (C-Selection)پێمان دەڵێت کار لە ڕستەدا پێویستی بە چییە؟ ئایا ڕستە تەواوکار یان گرێی بەندی دەوێت. بۆیە لە تەك هەڵبژاردنی واتا (S-Selection)، ئەم تایبەتمەندییەش داواکراوە لە ڕستەدا، کە بریتییە لە توانای پریدیکاتەکان لە هەڵبژاردنی کەتیگۆری تەواوکار، کە یەکە فەرهەنگییەکە دیاریدەکات. هەر پریدیکاتێك لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکەیەوە دەتوانێت جۆری کەتیگۆرییە تەواوکارەکەی هەڵبژێرێت. بڕوانە (سەباح: ٢٠٠٩: ١٠٩)بۆ نموونە:

(٥٨) ڕنو کەروێشکەکەی گرت.

ڕنو شاخەکەی گرت.

لە ڕستەی دووەمدا پریدیکاتەکە سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردنی تەواوکارەکەیدا، چونکە تایبەتمەندیی کارەکە لەگەڵ تەواوکارەکەی ناگونجێت.

پێویستە دەروازەی فەرهەنگی کارەکان هەڵگری زانیاری بن لە بارەی تەواوکارەکانیانەوە، ئەم بیرۆکەیەش پەیوەندییەکی ڕوونی بە بیرە کۆنەکەی لقە کەتیگۆرییەکان (Sub-categorization)ەوە هەیە، سەبارەت بەوەی کە هەندێك کار تەواوکار وەرناگرن وەکو کارە تێنەپەڕەکان (Intransitive verbs)، هەندێك کار یەك فرەیزی ناوی وەکو تەواوکار وەردەگرن وەکو کارە تێپەڕەکان (Transitive verbs) و بەپێی سروشتی زمانەکان لە هەندێك زمانی وەکو عەرەبی هەندێك کار دوو فرەیزی ناوی وەکو تەواوکار وەردەگرن ( Ditransitive verbs). (کوك: ١٩٩٧: ١٦٢)

(٥٩)

مێگر <u>گریا</u> (گریا) تەواوکار وەرناگرێت (Intransitive verb)

مێگر شەماڵی <u>دەرکرد</u>. (دەرکرد) یەك تەواوکار وەردەگرێت (Transitive verb)

**<u>مَنَحَ</u> <u>الوزيرُ الموظفَ جائزةً</u>   (مَنَحَ) دوو تەواوكار وەردەگرێت          (Ditransitive verb)**

**لە ڕێزمانی نوێدا باسی بەرکار و تەواوکار ناکرێت، بەڵکو (S-Selection) و (C-Selection)شوێنی گرتوونەتەوە و باس دەکرێن. هەردوو هەڵبژاردنی واتایی و کەتیگۆری مەرجی بوونی ڕستەیەکی دروستن، واتە ڕستە دەبێت لە ڕووی (S-Selection) و (C-Selection)ەوە تەواو بێت و ئەم مەرجەش بەسەر تەواوی زمانەکانی جیهاندا جێبەجێ دەبێت و لادان لێی ڕستەی ناڕێزمانی یان نادروست دەهێنێتە ئاراوە.**

**لەبارەی پەیوەندی نێوان دۆخ و ڕۆڵی بابەتانەوە، ئەوە ڕوونە، کە یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان دۆخی ناڕۆنانی و دۆخی ڕۆنانی ئەوەیە کە دۆخی ناڕۆنانی پەیوەستە بە نیشانەی θ وە، بەڵام دۆخی ڕۆنانی پەیوەست نییە. لەم ڕووەوە زۆرجار پەیوەندیی سێتا بە دەرخەری دۆخی ناڕۆنانی دادەنرێت. (وڵفۆرد: ٢٠٠٦: ١٣)**

## ٢-٦ دۆخ لە پرۆگرامی بچوککراوە Minimalist Program

**پرۆگرامی بچوککراوە: تیۆرێکی ڕێزمانییە لە لایەن چۆمسکییەوە پێشخرا، جەوهەری بیرۆکەکە ئەوەیە، کە ئاڵۆزیی ڕێزمانەکان بۆ سادەترین ئاست کەمبکرێتەوە، بە مەبەستی کامڵبوونی ڕێزمانەکە و ڕێکخستنی بە شێوەیەکی باشتر Optimal design. (رادفۆرد: ٢٠٠٦: ٤٦٢)**

**چۆمسکی لە ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٥) بۆچوونی خۆی لە بارەی پرۆگرامی بچوککراوە خستەڕوو، لەم داهێنانە دوو مەبەستی هەبوو:**

**یەکەم/ مەبەستەکەی ڕانەگەیاندووە، ئەویش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی لە تیۆرەکەی دەگیرا، کە گوایە تیۆرەکەی عەقلانی ڕووتە و ئاوڕی لە بەکارهێنانی زمانی (پراگماتیك) نەداوەتەوە. زمانەوانانی سەر بە ڕێبازی گوێزانەوە (تەحویلییەکان)، لە ناویشیاندا چۆمسکی**

ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی زمانیی گرینگی کەمتر نییە لەو کۆڵەکە گرینگانەی تەحویلییەکان لە ساڵانی ١٩٥٧–١٩٦٥ مامەڵەیا لەگەڵیدا دەکرد.

دووەم/ مەبەستی دووەمی چۆمسکی لە پرۆگرامی بچوککراوەدا، مەبستی ئابوورییە، کە گەڕانە بە دوای هزری زمانی مرۆڤ، بەجۆرێك ئەو هزرە، یان دەربڕینانە زۆر سادەبن. چۆمسکی پشت بە ئاستی بنیاد و ڕۆنانی دەبەستێت، ئەم ئاستە بە شێوەیەك بچووك دەکاتەوە کە لەگەڵ پرۆگرامەکەیدا لە سادەترین شێوەدابێت، و هەوڵدەدات لەسەر زانیاریی چەند زمانێکی دیاریکراو سیستەمێکی ڕێزمانی ڕێکخراو دابمەزرێنێت، کە هەموو مەبەستەکەشی ڕێزمانێکی سەراپا (Universal Grammar)یە.

## ٢-٦-١ گرینگترین پێکهێنەرەکانی پرۆگرامی بچوککراوە و ئامانجەکانی:

**١/ لێکدانەوەی تەواو:** پرۆگرامی بچوککراوە وای دادەنێت کە ڕۆنانی ڕستەکان هیچ توخمێکی زیادەی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی هەر توخمێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی دەتوانێت لە ڕووی واتا، سینتاکس، مۆرفۆلۆجی و دەنگ ڕۆڵ ببینێت، و بەپێی تیۆرەکە دەتوانرێت بەشێوەیەك لە شێوەکان لێك بدرێتەوە.

**٢/ ئامانجی ئابووری:** یەکێکە لەو سیمایانەی کە پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هەبێت و بە بنەمایەکی زانستی وەسف دەکرێت. بەپێی ئەم ئامانجە هەوڵدەدرێت زۆرترین توانا لە دیاردە زمانییەکان بە کەمترین توانا لە زاراوە بەشێوەیەکی ڕاست وەسف بکات.

چۆمسکی لە پرۆگرامی بچووککراوەدا بەپێی توانا بایەخی بە داڕشتنی هەموو شێوەکانی ئابووری کردن داوە، باسی حاڵەتێکی پەیوەندی دەکات و دەڵێت کۆتە توندەکان Greet لە بارێکدا ڕێگە بە جووڵە دەدات ئەویش بەرجەستەکردنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە جوڵە و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانیان پەسەندی دەکەن.

لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو داواکارییانە، پێویستیمان بەم دوو ڕەگەزەی خوارەوە دەبێت:

١. زانستێکی ماددی کە خۆی لە دەنگە داواکراوەکانەوە دەبینێتەوە، مەبەست شێوەی فۆنەتیکییە Phonetic Form .

٢. زانستێکی لۆجیکی (زەینی) مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ڕەچاوی ئەو ڕەفتارانە بکات کە لە ڕووی لۆجیکییەوە لێی وەرگیراوە. بە پێی پرۆگرامی بچوککراوە پێویست بەوە ناکات لە تیۆری گوێزانەو و بەرهەمهێناندا ناوی ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی لێبندرێت. واتە باوەڕی بە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە نامێنێت. بەهۆی بیرکردنەوەوە، دەنگەکان دەکرێن بە کۆد و دەنێردرێن بۆ گوێگر، لەوێوە واتا دروست دەبێت Logical Form .

کەواتە لە بەرنامەی بچووککراوەدا پێویستمان بە فەرهەنگێکی زمان بەکارهێنەر هەیە، لەگەڵ سیستەمێکی کۆمپیوتەری، کە بتوانێ شێوەی دەنگی (فۆنەتیك فۆرم) و شێوەی لۆجیکی (لۆجیکاڵ فۆرم) دابمەزرێنێت، کەلە ڕێزماندا بە PF و LF ناو دەبرێن. ئەم کۆمپیوتەرە پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە بە ڤاکۆبلەری یان (الاداوت) جێبەجێ ناکرێت.

دەتوانین شێوەی لۆجیکی بە بابەتی گفتوگۆ و پرسیارکردن دابنێین، ئەگەر لە چەمکی ڕۆنانی سەرەوە ڕزگار بێت. ئاستی شێوەی لۆجیکی وەکو تاکە ئاست دەمێنێتەوە کە بە هۆیەوە دەتوانین گوزارشت لە بنەماکانی ڕێزمان بکەین. پێشتر تیۆری GB دەتوانرا لەگەڵ ئەم تیۆرەدا لێك ببەسترێتەوە. ئەوەی مایەی سەرنجە و پرسیاری لەبارەیەوە دەکرێت ئەوەیە ئایا دەکرێت تەنیا پشت بە لایەنی لۆجیکی ببەسترێت بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانج و واتا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین لە حاڵەتی هەبوون یان نەبوونی ئاستی لۆجیکی، هەر پێویستمان بەوەیە لە ڕێگای ڕۆنانی سەرەوە کە دەربڕینی ڕاستەقینەیە بگەین بە ڕاستیەکان، چونکە ناکرێت پشت بە شێوەی لۆجیکی ببەسترێت لە پرۆگرامی بچوککراوەدا. لە چوارچێوەی ئەم پرۆگرامەدا باس لە تیۆری دۆخ (Case) دەکرێت کە زۆر ئاسایی لە تیۆری GBدا پەنای بۆ دەبرێت. لە ڕوویەکی ترەوە سەرهەڵدانی ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەبووە، کە تیۆری GB ئەو کێشەیەی هەیە کە ناتوانێت باسی کارا بکات، یان تایبەتمەندبوونی کارا لە نێو ڕستەی لاڕستەدا لە ڕۆنانی (VP)دا ئەوەی لە ڕۆنانی کاریدا ئاماژەی پێدەکرێت. (یەحیا و ئەمنیە: ٢٠٠٥: ١١٧-١١٩)

### ٢-٦-٢ میکانیزمی کارکردنی دۆخ لە پرۆگرامی بچووککراوەدا

سەرەتای ١٩٩٠ بەقۆناغی گواستنەوە لە GB بۆ پرۆگرامی بچووککراوە دەستنیشانکراوە وەك ئەوەی هەندێك لە زانایانی سینتاکسی بەرهەمهێنان بانگەشەیان بۆ دەکرد. بەدرێژایی نوسینەکانی چۆمسکی جەختی لەوە کردۆتەوە کە Minimalist پرۆگرامە نەك تیۆر. Minimalism وەکو بنەمایەکی سەرەکی ئاراستەکراوە بەرەو پرسیارە جۆر بەجۆرەکان کە لە توێژینەوەی زمانەوانی پێشکەشکراوە لە بواری پرسیارکردن لەوەی کە بۆچی ڕێزمانی جیهانی ئامانجەکەیەتی. سەرەڕای ئەمە پرۆگرامی بچووککراوە بەوە وەسف دەکرێت کە جەخت کردنە لەسەر هاوتاکردن و کەمکردنەوەی کەرەستە زمانییەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش وەسفێکی ئاشکرای تایبەتمەندیەکانی ڕێزمانی جیهانییە.

### ٣-٦-٢ بوارەکانی تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی GB و پرۆگرامی بچووککراوە

لە نزیکەوە تێبینی ئەوە دەکرێ کەوا سێ بابەتی گرینگ لە ڕوانگەی تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی GB و پرۆگرامی بچووککراوەدا بەدیدەکرێت:

١. ئێرگەتیڤ و جۆرەکانی دۆخ Ergativity and Case Typology.
٢. دۆخ و ڕێککەوتن Case, agreement and beyond.
٣. دۆخی بەتاڵ Null Case.

**ئێرگەتیڤ و جۆرەکانی دۆخ**: بڕوانە لاپەڕە (٢٧ و ٣٦) ی ئەم نامەیە.

**دۆخ و ڕێککەوتن**: بڕوانە (١-٥)ی ئەم نامەیە.

### دۆخی بەتاڵ Null Case

بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی بەتاڵ لەم دایەگرامەوە دەست پێدەکەین.

بۆ دۆخی بە تاڵ (Null Case)




وێنەی ژمارە (٨)

بۆ دۆخی تەواو (Non-Null Case)




وێنەی ژمارە (٩)

لێرەدا سەرەی ( C) هەموو تایبەتییەکانی ڕستە شوێن کەوتووەکە سەر دەخات بۆ سپێکی (TP) بۆ دۆخی بەتاڵ (Null Case)




وێنەی ژمارە (١٠)

لە پرۆگرامی بچووککراوەدا فرەیزی تەواوکار (CP)، (C) دەبێتە سەرەی هەموو ڕستە شوێن کەوتووەکە، ئەگەر هات و سەرەی (C) ئامرازی لێکدەری تێدابوو، ئەگەر فرەیزی (CP) هەبوو و سەرەی ئامرازی لێکدەر نەبوو، ئەو کاتە سپێکی (CP) وەکو دۆخی بەتاڵ (Null Case) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هۆیەکەشی ئەوەیە بەپێی بۆچوونەکانی ئەم دواییەی چۆمسکی وشەکە لە فەرهەنگی عەقلی مرۆڤەوە Mental Lexicon لە Computation کردەی ژمێرکاری ڕێکدەخرێت و هەموو تایبەتییە فەرهەنگییەکان بە تایبەتییە ڕێزمانییەکانیشەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لەبەر ئەوەیە سروشتییە لە ڕۆنانی هەموو ڕستەیەکدا پێشبینی تایبەتمەندی فرەیزی تەواوکاری بکرێت و لە ناو ڕۆنانی ڕستەکاندا شوێنی بۆ دابنرێت بەر لەوەی ڕستە بگاتە قۆناغی درکاندن Spell out و LF و PF، زۆر جاریش دەکرێت لە بواری پاساودان وای بۆ بچین دۆخەکە تووشی داڕووخان یان Crash بووبێت.

# بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی دۆخ لە زمانی کوردیدا

**٣/ سەرەتا**

**٣-١ دۆخ وەکو نیشانە**

**٣-٢ دۆخ وەکو ناوەرۆک**

**٣-٣ ڕەگەز (نێر و مێ) لە زمانی کوردیدا وەکو نیشانەی دۆخ**

# بەشی سێیەم
# جێبەجێکردنی دۆخ لە زمانی کوردیدا

## ٣/ سەرەتا:

لەم بەشەدا سیستەمی دۆخ لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، و تیایدا تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی و سروشتی دەربڕینی دۆخە جۆربەجۆرەکان لەو زمانەدا دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. هەروەها ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییە ڕێزمانییانە باس دەکەین، کەوا لە نێو زارە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت.

## ٣-١/ دۆخ وەکو نیشانە

مەبەست لەو نیشانانەیە، کە لە ڕێگەیانەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکان ڕێکدەخرێن، بە واتایەکی تر نیشانەکانی دۆخ ڕوخساری دۆخەکانە، کە بەهۆیانەوە جۆرەکەیان دیاریدەکرێت و دەناسرێنەوە لە ڕستەدا. ئەگەر لە قۆناغێکی ڕاگوزەری زماندا تەنها گیرەك یان هەر نیشانەیەکی دی بە ناسەرەوەی دۆخ داندرابێت، ئەوا ئێستا بەپێی تیۆرە ڕێزمانییە نوێکان ڕیزبوونی کەرەستەکان لە بۆتەی ڕستەدا و پڕکردنەوەی چاڵە سەرەکییەکان بە نیشانە و ناسەرەوەی دۆخی ڕۆنانی دادەندرێت، بۆنموونە لە زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەراستدا بە دەگمەن نیشانەیەك بەدی دەکرێت کەوا دۆخ پیشان بدات بۆیە جەخت کردن لەسەر ڕیزبوونی کەرەستەکان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات. زمانەکانی جیهان دوو سیستەم پەیڕەو دەکەن لە ناسینەوەی دۆخەکاندا کە بەم دوو زاراوەی خوارەوە گوزارشتی لێ دەکرێت:

- **بەپێی شوێن** Positional: لێرەدا فرەیزە ناوییەکان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بەڵکو شوێنی ناوەکە لە ڕستەدا جۆری دۆخەکان دیاری دەکات.
- **بەبێ شوێن** Adpositional: فرەیزە ناوییەکان لەگەڵ ئەو وشە یان مۆرفێمانە دێن، کە دۆخەکان دیاری دەکەن. بۆیە زۆرجار نیشانەکانی دۆخ گۆڕان لە وشەکاندا دروست دەکەن.

لێرەدا باسی نیشانەکانی دۆخ و دەرکەوتنیان لە زمانی کوردیدا دەکەین:

### ١. دۆخی بکەری "Nominative Case":

دۆخی ئەو فرەیزە ناوییانەیە کە ڕۆڵی بکەر دەگێڕن لە ڕستەدا. لە تیۆری دەسەلأت و بەستنەوە (GB)دا ئەو دۆخە نەبینراوەیە کە بە فرەیزی ناوی بکەر دەدرێت و بەهۆی کەتیگۆری (INFL)ەوە حوکم دەکرێت. (تراسك: ١٩٩٣: ١٨٤) ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بەپێی زارە جیاوازەکان نیشانەی دۆخی لەگەڵدا دەردەکەوێت، لە زاری سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست بکەر هیچ نیشانەیەکی نەماوە، بەڵام لە هەندێك شێوەزار (گۆڤەر)ی سەر بەم زارە ئەو نیشانانە ماون کە دۆخی بکەری پیشاندەدەن، بۆ نموونە شێوەزاری خۆشناوەتی لە هەندێك باردا ئەم نیشانانەیان پاراستووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت و بکەریش ناو یان جێناوی کەسی سێیەمی تاك بێت، ئەوا نیشانەی دۆخ دەچێتە سەر بکەر و بەهۆیەوە ڕەگەزەکەی دیاریدەکرێت. (نەبەز: ٢٠٠٩: ٨٧)

(٦٠)

| شێوەزاری خۆشناوەتی | زاری سەرەکی |
|---|---|
| (نازدار/ ئەو)یٚ دەرکیٚ گارەدا. | (نازدار/ ئەو) دەرگا پێوە دەدات. |
| (ئامانج/ ئەو)ی گور چاندن. | (ئامانج/ ئەو) گوڵی چاند. |

### ٢. دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ " Accusative Case":

دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری تێپەڕە لە، GB دۆخێکی ئەبستراکتە و دەدرێت بەو فرەیزە ناوییانە، کە بەهۆی کار یان پریپۆزیشنەوە حوکم دەکرێن. (تراسك: ١٩٩٣: ٤) لە زاری

کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی بۆ ناسینەوەی نییە، بەڵکو هەر لەباری بێ لایەنی دایە، بەڵام لە شێوەزارەکانی ژووروو و هەندێك شێوەزاری سەر بە کرمانجی ناوەڕاست ئەم نیشانە ڕێزمانییانە ماون کە دۆخی بەرکاری نیشان دەدەن. (کوردۆیف: ١٩٨٤: ٧٥) وەك لەم ڕستانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

(٦١) ئەز وی گرت. (وی) بەرکاری نێر

ئەز وێ گرت. (وێ) بەرکاری مێ

لێرەدا دۆخی ڕۆنانیی، تێکەڵ بە فۆڕمی فۆنەتیکی ڕەگەز دەبێت، بەمەش ڕەگەز خاوەنی تایبەتمەندی فەرهەنگییە نەك ڕێزمانی.

## ٣. دۆخی کارا "Agentive Case":

ئەو ئارگۆمێنتەیە، کە بە ئەنجامدانی کارێك هەڵدەستێت یان دەبێتە هۆی ڕوودانی کارێك، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت.

(٦٢) ژیار باخەکەی ئاودا.

ژیار خانوەکەی بە مامی فرۆشت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە (ژیار) لە دۆخی کارادایە، چونکە لە ڕستەی یەکەمدا، کارێکی ئەنجامداوە و لە ڕستەی دووەمیشدا بوەتە هۆی ئەنجامدانی کارێك، یان کارێکی بە کەسێکی تر ئەنجامداوە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە مادام ئەو فرێزە ناوییەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێك یان دەبێتە هۆی ڕوودانی دۆخی (کارا) وەردەگرێت، کەواتە پێویستە سیمای (+زیندو یان +هێز) لە فرەیزە ناوییەکە هەبێت. (بکەری کارە تێپەرەکان بە شێوەیەکی گشتی زیندون) (فیلمۆر: ١٩٦٧: ٢٧)

لەگەڵ هەندێك سیمای تری وەك ئارەزوو یان هەستیاریی بەرامبەر ئەنجامدانی کارێك. وەك چۆن کارا دەبێت توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێت، بەهەمان شێوە پێویستە کاری ڕستەکەش لەو کارانەبێت کە توانای هەڵبژاردنی کارای هەبێت بۆ نموونە کارەکانی (شکا، دڕا، کولا، باری، ... هتد) توانای هەڵبژاردنی (کارا)یان نیە، بەڵام لەگەڵ پاشگری (اند) ئەو توانایە پەیدا دەکەن، ئەم پاشگرە کارەکان دەکات بە کاری هۆیی (کۆزەتیڤ-Causative)(*)و کارا هەلدەبژێرن. (یوسف: ٢٠٠٩، ٢٠)

(٦٣) سروە شکا* ⟵ سروە پیاڵەکەی شکاند.

نیاز دڕا* ⟵ نیاز نامەکەی دڕاند.

---

(*) کاری هۆیی (Causative verb):

ناچارکردنی یەکێکە بۆ ئەنجامدانی کارێك، واتە یەکێك بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یەکێکی ترەوە بۆ ئەنجامدانی کارێك، کارەکانی وەکو (دەرخوارد، پێ نووسی، والێکرد، ... هتد) نموونەی کاری هۆیین. وەك لەم نموونەیەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

من نانەکەم دەرخواردی هێمن دا

ڕستەکە لە بنەڕەتدا لەم قاڵبە دایە:

ا/ من بوومە هۆی ئەوەی، کە هێمن نانەکە بخوات.

لەم ڕستەیەدا (من) بکەرە و (هێمن) بەرکاری یەکەمە و (نانەکە) بەرکاری دووەمە، بەڵام کاتێك ئەنجامدانی کاری ئەم ڕستەیە بەیان دەکەین، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێ دێت:

ب/ هێمن نانەکەی خوارد.

لێرەدا (هێمن) بکەری ڕستەکەیە و (نانەکە) بەرکارە.

لە ڕستەی (ا)دا (من) بکەری بە دەسەڵاتی ڕستەکەیە، بەڵام هێزی ئەنجامدانی کارەکەی نییە، واتە بەشدار نییە لە ئەنجامدانی کاری (خواردن)، کەچی (هێمن) کە لە ڕستەی (ا)دا بەرکارە و بەشدارە لە ئەنجامدانی کارەکە، لە ڕستەی (ب)دا دەبێتە بکەری بێ دەسەڵاتی ڕستەکە. کاری هۆیی پەیوەندی بە هەردوو کاری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە هەیە و لە هەردووکیاندا هۆکارێك هەیە بۆ ئەنجامدانی کارێك. (مزگێن: ٢٠٠٦: ١٥-١٦)

هاتنی ئەم کارانە بێ ئەوەی ببنە کاری هۆیی (Causative verb) بکەرەکانیان نابن بە کارا بەڵکو بکەری ڕێزمانین. جۆرێکی تری کارەکان بەهەمان شێوە ناتوانن کارا وەربگرن، ئەوانیش ئەو کارانەن کە باری دەرونی یان هۆشەکی مرۆڤ دەردەخەن بۆ نموونە کارەکانی (حەزکردن، زانین، باوەڕکردن،...هتد)

(٦٤) شاڵاو حەزی لە کچی لادێیە.

سنور بە پلانەکەیان دەزانێت.

هەندێك کاری تر کە بارێکی دیاریکراو پیشاندەدەن، وەکو کاری بەستنەوە ( Copula verb)، کە ناچارن هەندێك تەواوکاری تایبەت هەڵبژێرن بۆ ئەوەی واتاکانیان تەواو بێت، تەواوکارەکانیشیان (ئاوەڵناوەکان یان ڕەنگەکانن). ئەم کارانەش ناتوانن کارا وەربگرن وەکو:

(٦٥) ئەم کاڵایە هەرزان کەوت.

دەموچاوی سور هەڵگەرا.

ئەم دەشتە سەوز دەچێتەوە.

لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوەدا کە کارەکانیان توانای هەڵبژاردنی کارایان نیە، بکەری ڕستەکان بکەری ڕێزمانین، واتە تەنها چاڵی بکەریان پڕکردۆتەوە، ئەگینا لە بنەڕەتدا کەسێك یان هێزێکی تر بووەتە هۆی ئەنجامدانی کارەکە، لە بەرامبەر بکەری ڕێزمانیدا دوو جۆری تر بکەر هەن کە ئەوانیش بکەری لۆجیکی (واتایی) و بکەری دەروونیین، بە پێویستی دەزانین لێرەدا بەکورتی باسێکی جۆرەکانی بکەر بکەین.

## بکەری ڕێزمانی "Grammatical Subject":

بکەری ئەو ڕستانەن کە توانای ئەنجامدانی کاری ڕستەکەیان نییە، بەڵکو تەنها لە نەبوونی بکەری راستەقینەدا چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە، لە ڕاستیدا بکەری ڕێزمانی لە ڕووی واتاوە بەرکارە.

(٦٦) منداڵەکە کەوت.

باخەکە سوتا.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لە ڕوکەشدا (باخەکە، منداڵەکە) چاڵی بکەریان پڕکردۆتەوە و لە شوێنی ئەودا هاتوون، بەڵام لە بنەڕەتدا هۆیەك یان هێزێکی دەرەکی وایکردووە منداڵەکە بکەوێت و باخەکە بسوتێت، خاوەنی ئەو هێزەش بکەری ڕاستەقینەیە.

## بکەری لۆجیکی (واتایی) "Logical Subject":

بکەری ڕاستەقینەی ڕستەیە بە دەرکەوتنی یان دەرنەکەوتنی لە ڕووی فۆرمەوە، و ئەنجامدەری کاری رستەکەیە، بکەری لۆجیکی بەوە دەناسرێتەوە کە توانای ئەنجامدانی کارێکی هەیە (تراسك: ۱۹۹۳: ٤٤٢) وەك لەم نموونانەوە دەردەکەوێت.

(٦٧) ا/ پارێزگار دیارییەکەی بەخشی.

ب/ دیارییەکە لەلایەن پارێزگارەوە بەخشرا.

(٦٨) ا/ سەگەکە پشیلەکەی ڕاونا.

ب/ پشیلەکە لەلایەن سەگەکەوە ڕاونرا.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەریەك لە ناوەکانی (دیارییەکە، پشیلەکە) لە (٦٧ب و ٦٨ب) بکەری ڕێزمانین، چونکە چاڵی بکەرییان پڕکردۆتەوە، بەڵام لە ڕووی واتاوە بەرکارن، چونکە کارێکیان بەسەردا جێبەجێ کراوە، لە هەمان کاتدا ناوەکانی (پارێزگار، سەگەکە) بکەری لۆجیکین، چونکە ئەنجامدەری کارەکانی ناو ڕستەن. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانەی باسکران، بکەری لۆجیکی دەبێت یەك لە سیماکانی (+زیندوو یان +هێز) لەخۆ بگرێت:

(٦٩) بایەکە کەپرەکەی ڕوخاند.

بکەری واتایی ڕستەکە (بایەکە)یە و سیمای (+هێز)ی لەخۆ گرتووە.

**بکەری دەروونی "Psycho- Subject":**

جۆرێکی تری بکەرە، کە بە بکەری دەروونی ناو دەبرێت، چونکە سەرەتای دروستبوونی ڕستەکە بوونی هەیە لەناو زەینی قسەکەردا. توخم (element)ێکی دەروونییە و پەیوەستە بە پەیامێکەوە (هالیدای: ١٩٩٤: ٣١). واتە ئەو شتەی دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین و بیکەینە چەقی گفتوگۆ. (جەیل فۆڕەی) جەخت لەسەر هەمان پێناسەکەی هالیدای دەکات و بەم نموونەیەی خوارەوەش ڕوونی دەکاتەوە:

(٧٠) شازادە ئەم قۆرییەی دا بە پورم.

<u>The duke</u> gave my aunt this teapot.

بکەری دەروونی

بکەری لۆجیکی

بکەری ڕێزمانی

ئەم قۆرییە، پورم لە شازادەی وەرگرت.

<u>This teapot</u> <u>my aunt</u> was given by <u>the duke.</u>

بکەری دەروونی بکەری ڕێزمانی بکەری لۆجیکی

(جەیل فۆڕەی: ٢٠٠٢: ٥٨)

**٤. دۆخی خستنە پاڵ "Genitive Case":**

دۆخی ئەو ناوانەیە کە لە پەیوەندییەکی خاوەنداریەتی (Possessive) دان لەگەڵ ناوێکی تردا، یان ئەو (دۆخەیە کە لە بەیەکەوە بەستنی دوو ناودا بەکار دێت، وەك ئەوەی لە خاوەندارێتی دا هەیە (کەتامبا: ٢٠٠٦، ٣٥) دۆخی Genitive لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ (ئیزافە) واتە وەك ئەوەی لە ئینگلیزی و زمانەکانی تر دا هەیە بەو جۆرە لە کوردیدا بەرچاو ناکەوێت. ئاماژەکردن بە پەیوەندییەکی خاوەنداریەتی ناوێك بۆ ئەو ناوەی دەبێتە خاوەنی زۆرجار وەك دیارخەر و دیارخراو ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ نموونە:

(٧١)　　**<u>کتێبەکەی باوکم</u> دا بە مەریوان.**

**<u>گوڵی باخەکەی</u> خۆمانم بۆ هێنای.**

لەو ڕستەی سەرەوەدا بەهۆی ناوی (باوك)ەوە دەرکەوتووە کە مەبەستمان لە کام کتێبە، بۆیە ناوی باوك دیارخەری ناوی (کتێبەکە)یە، کە دیارخراوە. لە دیارخەر و دیارخراودا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کەوا دیارخەر و دیارخراو وەکو تەواوکار (سەرە) کار دەکەن، بەڵام دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کەوا هەرچەندە دیارخەر (مۆدیفایەر) کە زۆربەی بڕی واتای فرەیزەکە (وشە لێکدراوەکە) بۆ خۆی کێش دەکات، بەڵام نابێت بە سەرەی فرەیزەکە، بەڵکو دەبێت بە تەواوکار، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| (٧٢) | **<u>کتێبەکەی</u>** | **<u>باوکم</u>** |
| | دیارخراو (سەرە) | دیارخەر (تەواوکار) |
| | **<u>ڕەشـــە</u>** | **<u>بـــا</u>** |
| | دیارخەر (تەواوکار) | دیارخراو (سەرە) |

لەهەندێك زار و شێوە زاری کوردییدا وەکو زاری کرمانجی سەروو و شێوەزاری هەولێر نیشانەکانی خستنەپاڵ بە ڕوونی ماون و تەنانەت جیاوازیش دەکەن لە نێوان نێر و مێدا وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت.

| | | |
|---|---|---|
| (٧٣) | **داکێ من** | **داکێ داکم** |
| | **بابێ من** | **بابێ بابم** |

## ٥. دۆخی ئامێر "Instrumental Case":

ئەو دۆخەیە کە توانای ئەنجامدانی کاری ڕستەی نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك، واتە دۆخی ئەو ناوانەیە، کە ئاماژە بە ئامێرێك یان هۆکارێك دەکەن بۆ جێبەجێکردنی

کارێك. (موبارەك: ١٩٩٥: ١٤٨) بۆیە دەکرێت بەو ناوانە بڵێین ناوی ئامێر. لە زمانی کوردیدا ئەم دۆخە بەوە دەناسرێتەوە کە پێش بەندی (بە)ی لەگەڵدا دێت، بۆ نموونە:

(٧٤) نۆڤین بە کەوچك نان دەخوات.

شەماڵ بە فرۆکە گەشت دەکات.

لادێکانی کوردستان بە پارە ئاوەدان دەکرێنەوە.

بەڵام ئەوەی پێویستی بە ئاماژەکردنە، ئەوەیە کەوا ئەو فرەیز و وشە لێکدراوانەی لەم دۆخەدا بەرهەمدێن سنوریان لە نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەی چۆنییەتی تێکەڵ دەبن، پێوەرێکی ئەوتۆش نییە بۆ جیاکردنەوەیان، بەڵام لە نێوان دوو پرسیاردا دەبین:

(٧٥) بەچی نان دەخۆیت؟ بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ

چۆن نان دەخۆیت؟ بۆ ئاوەڵگوزارەی چۆنییەتی

ناوی ئامێر لە توانایدایە ببێتە بکەری ڕێزمانی بە مەرجێك کارا لە ڕستەدا نەبێت، بەڵام ناتوانێت ببێت بکەری ڕستەی بکەر نادیار، بەڵکو وەکو سەربار لە ڕستەدا دەمێننەوە. (یوسف: ٢٠٠٩: ٢٣) وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

(٧٦)

ئازاد بە چەقۆ ئەوانی کوشت. (دۆخی ئامێر)

بە چەقۆ ئەوانی کوشت. (بکەری ڕێزمانی)

ئەوان بە لۆمەکردن بێزاریان کرد. (دۆخی ئامێر)

بە لۆمەکردن بێزارکرا. (سەربار)

بێزارکرا.

## ٦. دۆخی کارتێکراو (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) "Dative Case":

دۆخی کارتێکراو کاتێك دێتە پەیدابوون، ئەگەر کاری ڕستەکە پێویستی بە دوو بەرکار هەبێت یەکێکی ڕاستەوخۆ و یەکێکی ناڕاستەوخۆ، لە زمانی کوردیدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەگەڵ پێشناوەکاندا دێت، کە دەبنە نیشانەش بۆ دیاریکردنیان وەکو دۆخی کارتێکراو، وەکو:

(٧٧) **شێواز گوڵەکەی دا بە کاروان.**

لە هەندێك باردا هەردوو پاشگری (ەوە، دا) لەگەڵ پێشناوەکانی (بە، لە)دا دەردەکەون، وەکو:

(٧٨) **کاروانەکە بە هەورامان‌دا تێپەڕی.** (بە ... دا)

(بە ... دا) پاشبەندی دۆخن وەکو (حرف جر)ی عەرەبی ڕەفتار دەکەن.

**في الحديقة**

وەکو (دا) ڕەفتار دەکات

(٧٩) **شاهەنگەکە لە کونەکەوە هاتە دەرێ.** (لە ... ەوە)

لەوانەیە هەریەك لە پاشگرەکانی (ەوە، دا) ببن بە نیشانە بۆ ناسینەوەی دۆخی تری وەکو دۆخی شوێنی (Locative) و دۆخی ئاراستە (Allative)، کە دواتر لەبارەیانەوە دەدوێین.

## ٧. دۆخی بانگکردن "Vocative Case":

دۆخی ئەو ناوانەن، کە لە ناونیشانێکی ڕاستەوخۆدان (تراسك و ستۆکوێل: ٢٠٠٧: ٣٦) و ناچار دەکرێن کارێك ئەنجام بدەن یان بەشداربن لە باسێکدا، بۆ نموونە:

(٨٠) **دیاکۆ وەرە.**

**شەوبۆ، من قسە بۆ تۆ دەکەم.**

له زاری کرمانجی ناوەڕاستدا نیشانەی دۆخی بانگکردن لەگەڵ هەندێك ناودا دەردەکەوێت و جیاوازیش دەکرێت لە ڕەگەزیاندا، ناوەکانی (کوڕ، کچ) بەپێی تایبەتمەندی ڕەگەزەکانیان نیشانەی ئەم دۆخەیان لەسەر دەردەکەوێت، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

(٨١) کوڕە بێ شەرم مەبە. ە: نیشانەی تاکی نێرە لە دۆخی بانگکردندا.

کچێ ئاگات لە خۆت بێت. ێ: نیشانەی تاکی مێیە لە دۆخی بانگکردندا.

له باری کۆشدا نیشانەی دۆخەکە هەر هەیە، بەڵام بەبێ جیاوازی بۆ نێر و مێ، وەکو:

(٨٢) کوڕینە ببن بە قەڵا بۆ پاراستنی وڵات

ینە: نیشانەی کۆیە لە دۆخی بانگکردندا.

کچینە ببن بە چرا بۆ دواڕۆژی گەل

له زاری کرمانجی سەروشدا نیشانەکانی دۆخی بانگکردن دەردەکەون، بەڵام کەمێك جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوەی لە کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە، بەم شێوەیە:

بۆ ڕەگەزی مێ هەمان نیشانە (ێ)ی کرمانجی ناوەڕاستە و بۆ ڕەگەزی نێر نیشانەی (ۆ) و بۆ کۆ نیشانەی (نۆ) لەگەڵ ئو ناوانە دێن کە دەکەونە دۆخی بانگکردنەوە. (کوردۆییڤ: ١٩٨٤: ٧٧) وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(٨٣) کەچێ ناڤێ تە چییە؟ ێ: نیشانەی تاکی مێیە لە دۆخی بانگکردندا.

کوڕۆ ناڤێ تە چییە؟ ۆ(*): نیشانەی تاکی نێرە لە دۆخی بانگکردندا.

کەچ نۆ هشیاربن

نۆ: نیشانەی کۆیە لە دۆخی بانگکردندا.

کوڕنۆ هشیاربن

(*) (ۆ) هەندێك ڕۆڵی کۆ دەگێڕێت، ئەگەر ناوەکە لەو ناوانە بوو، کە چەمکی کۆ دەبەخشن، وەکو: "گەلۆ".

## ٨. دۆخی باس " Objective Case":

دۆخی ئەو ناوانەیە کە ڕوداوێکیان بەسەرداهاتووە، یان ڕستەکە لە پێناو باسکردن و بە دیارخستنی دروست بووە. دۆخی هەر شتێکە بەهۆی ئەو ناوانەوە دەنوێنرێت کە ڕۆڵ دەبینێت لە کارێك یان لە بارێکی دیاریکراودان بەهۆی کارەوە. (فیلمۆر: ١٩٦٧: ٤٧) بۆ نموونە:

(٨٤) سرود نەمامەکەی ناشت.

ئاراس بەڕێزە.

لە ڕستەی یەکەمدا (نەمامەکە) بەرکاری ڕستەکەیە و ڕوداوێکی بەسەرداهاتووە. لە ڕستەی دووەمدا (ئاراس) باسە[**]، هەرچەندە بەشدارنییە لە ئەنجامدانی هیچ کارێك، بەڵام لەبەر ئەوەی بوەتە جێی باسی ڕستەکە، بۆیە لە دۆخی باسدایە.

دۆخی باس ڕووبەڕووی تێکەڵییەك دەبێتەوە لەگەڵ دۆخی کارتێکراو، دۆخی کارتێکراو لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕانەدا دێن کە توانا و ئامادەبوونێکی گەورەی تێدایە، بەڵام دۆخی باس لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕانەدا دێن کە بار و ڕووداو پیشاندەدەن. (یوسف: ٢٠٠٩: ٢٤، ٢٦) بۆ نموونە:

(٨٥) فەرهاد دزەکەی کوشت. (دۆخی کارتێکراو)

سەرۆك بێ باکە. (دۆخی باس)

لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین لە زۆر باردا دۆخی باس وەکو دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینرێت، بەڵام لەو ڕستانەی کە کاری تەواویان تێدا نییە دۆخی باس زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت.

(٨٦) وڵاتەکەمان جوانە.

وڵاتەکەمان جوان بوو.

وڵاتەکەمان جوان دەبێت.

---

[**] لەم جۆرە نموونانەدا هیچ بکەرێك نییە، چونکە کاری ڕستەکە کار ناتەواوە و بار و حاڵەتی شتێك یان کەسێك پیشاندەدات.

### ٩. دۆخی شوێن "Locative Case":

دۆخی ئەو وشە یان دەستەواژانەن کە ئاماژە بە شوێنی ڕوودانی کارێك دەکەن، وەکو ئاوەڵکارە شوێنییەکان. (موبارەك: ١٩٩٥: ١٧٢) بۆ نموونە:

(٨٧) درەخت لە بیابان ناڕوێت.

ماسی لە دەریا سەودا ناکرێت.

ئێمە بۆ مهاباد گەشت دەکەین.

لە زمانی کوردیدا ئەم دۆخەش بە هەمان شێوەی دۆخی کارتێکراو لەگەڵ پێش ناوەکاندا دێت، بەڵام هەندێك ئاوەڵکاری شوێنی ڕاستەوخۆ دەربڕی دۆخی شوێنن، وەکو:

(٨٨) ژێر مێزەکە تەڕمەکە.

سەر شاخەکەیان کرد بە خانوو.

### ١٠. دۆخی سەرچاوە "Source Case":

خاڵی دەست پێکردنی جوڵەیەکە، یان سەرچاوەی ئەنجامدانی کارێکە. ئەم خاڵەش شوێن، یان بار، یان باسە. (یوسف: ٢٠٠٩: ٢٨) وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

(٨٩) بەیانی لە کۆیەوە بەرەو ڕانییە بەڕێدەکەوم.

ڕێبین منی تۆقاند.

ئەم دۆخە لە هەموو خەسڵەتەکانیدا لەگەڵ دۆخی ئامانج هاوبەشە، تەنها ئەوە نەبێت کە دۆخی سەرچاوە دەست پێك و دۆخی ئامانج کۆتایی جوڵە، یان باسەکەیە. بە واتایەکی تر دۆخی سەرچاوە و ئامانج بەیەکەوە دێن و تەواوکەری یەکترین.

### ١١. دۆخی ئامانج "Goal Case":

دەرخستنی کۆتایی یان ئامانجی جووڵەیەکە (ماسیۆس: ٢٠٠٧: ١٦١) ئەم ئامانجە لەوانەیە ئەنجامدانی کارێك یان باسکردنی بار یان باسێکی دیاریکراو بێت، بە کۆتایی هاتنی ڕستەکە تەواوی مەبەست و ئامانجی گوێگر بۆ قسەکەر ئاشکرا دەبێت، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(٩٠) فێنك بەیەکەم دەرچوو.

شاگوڵ تا ئێوارە گریا.

ئێمە دوێنێ گەیشتینە ئێران.

لەگەڵ ئەم دۆخەدا دۆخێکی تر باسدەکرێت، هەندێك جار وەکو دۆخێکی سەربەخۆ دەبینرێت، کە دۆخی هەواڵدان (Faotitive)ە، ئەم دۆخەش ئەنجام یان کۆتایی بەرهەمی کارێك پیشاندەدات، دوای تەواو بوونی کارەکە. (یوسف: ٢٠٠٩: ٢٥) واتە باسکردنی ئامانج یان کۆتایی کارێك، ڕاستەوخۆ ڕستەکەمان دەخاتە باری هەواڵ دانەوە، بۆیە ئەو فرەیزە ناوییەی جەختی لەسەر دەکرێت لە دۆخی هەواڵدان دایە.

### ١٢. دۆخی هاوڕێیەتی "Comitative Case":

پیشاندانی هاوەڵی کردنی دوو گیاندار، یان گیاندار و هۆکار (ئامێر)ێکە لە ئەنجامدانی کارێك. (ستۆکوێڵ: ٢٠٠٧: ٣٦) واتە دوو گیانلەبەر، یان گیانلەبەرێك بەهۆی ئامێرێکەوە هەستێت بە ئەنجامدانی کارێك. وەکو:

(٩١) شاباز و سەرکۆ بە بەلەم پەڕینەوە.

سەرکۆ بە بەلەم پەڕییەوە.

هێلین و سەگەکەی بێرەدا تێپەڕین.

## ١٣. دۆخی کات "Temporal Case":

دۆخی ئەو فرەیزە ناوییانەیە، کە ئاماژە بە کاتی ڕوودانی کارێك دەکات، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکاری کاتی دەبڕی ئەم دۆخەیە، وەکو:

(٩٢) دۆینێ لە شار گەڕامەوە.

پار باشتر دەیخوێند.

کاتژمێر چوار یارییەکە دەست پێدەکات.

## ١٤. دۆخی ڕێڕەو "Path Case":

دۆخێکی سەربەخۆیە ڕێڕەوێك پیشاندەدات لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج. (کریستاڵ: ٢٠٠٣: ٣٤٠) لە زمانی کوردیدا، وەك هەندێك دۆخی تر دۆخی ڕێڕەویش لەگەڵ پێشناوەکاندا دێن بە تایبەتیش پێشناوی (بە).وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

(٩٣) ئێمە لە کۆیەوە بە شەقڵاوەدا چووین بۆ دهۆك.

بۆ ئەوەی زوو بگەین بە شاخەکەدا سەرکەوتین.

بە درێژایی ڕێگاکە پیاسەمان دەکرد.

قەدبڕ لێمدا و گەیشتم بە ئێرە

## ١٥. دۆخی ئاراستە "Allative Case":

ئەو دۆخەیە ئاماژە بە جوڵەی شتێك دەکات بەرەو خاڵی مەبەست. (موبارەك: ١٩٩٥: ١٩) جیاوازییەکەی لەگەڵ دۆخی ئامانجدا لەوەدایە، کە ئامانج و کاریگەری ڕستەکە لەوانەیە دوای ڕستەکە دەرنەکەوێت، بەپێچەوانەوە لە دۆخی ئامانجدا بە کۆتایی هاتنی ڕستەکە تەواوی مەبەست و ئامانجی گوێگر بۆ قسەکەر ئاشکرا دەبێت. وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

(٩٤)        کۆچی گوندنشینان بەرەو شارەکان نەوەستاوە.

ڕاست بەو بڕۆ ڕێی شێر.

### ١٦. دۆخی ڕاگوزەر "Essive Case":

ئەم دۆخە ئاماژە بە بارێکی کاتی (ڕاگوزەر) دەکات (تراسك و ستۆکویێڵ: ٢٠٠٧: ٣٦) واتە بارێك پیشاندەدات لە کاتی قسەکردندا جۆرێکە و لە وانەیە لە کاتێکی تردا جۆرێکی تر بێت. لە زمانی کوردیدا بە زۆری ئاوەڵناوەکان دەربڕی ئەم دۆخەن. بۆ نموونە:

(٩٥)        باوکم مامۆستا بوو.

کارمەند نەخۆشە.

لە ڕستەی (باوکم مامۆستا بوو) باس لە کاتی ڕابردوو دەکات، لەوانەیە بۆ کاتی قسەکردنەکە مامۆستا نەبێت، بە هەمان شێوە لە ڕستەی (کارمەند نەخۆشە) باس لە کاتێکی دیاریکراو دەکات، کە ئێستایە و باری نەخۆشی کەسێك پیشاندەدات کە پێشتر نەخۆش نەبووە.

### ١٧. دۆخی نادیاری ( غیاب ) "Abassive Case ":

ئاماژە کردنە بە نادیار (غیاب)ی ناوێك. شێوەیەکی دۆخە دەربڕی واتای وشەی (without – بەبێ)یە. (تراسك: ١٩٩٣: ١) بۆ نموونە:

(٩٦)        بەبێ پارە بەم ناوەدا مەیەرەوە.

بەبێ تۆ بۆ هیچ شوێنێك ناچم.

### ١٨. دۆخی مەترسی "Aversive Case":

دۆخی ئەو فرەیزە ناویانەیە کە ئاماژە بە ترس یان سڵەمینەوەی گیاندارێك لە شتێك یان گیاندارێکی تر دەکەن. (ماسیۆس: ٢٠٠٧: ٣٤)، وەکو:

(٩٧) کامەران خۆی شاردەوە تا نەیکوژن.

مامز گورگ ببینێ ڕادەکات.

مێگەلەکە ڕەوییەوە.

بەزۆری بەهۆی واتای ڕستەکەوە دۆخی ئەو فرەیزە ناوییە دیاریدەکرێت، کە لە دۆخی مەترسیدایە.

## ٣-٢ دۆخ وەکو ناوەرۆك

وەکو لە بەشی یەکەمدا باسکرا ئەرکی سەرەکی دۆخەکان ڕێکخستنی ئەرکە سینتاکسیەکانە لە چوارچێوەی ڕستەدا، ئەگەرچی زۆر جار لابردنی کەرەستەیەك شوێنەکەی بە کەرەستەکانی تری ڕستە پڕ دەکرێتەوە، بەڵام ئەمە تەنها لە ڕواڵەتە و لە ڕووی ئەرك و ناوەرۆکەوە کەرەستەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە لۆجیك دیاری دەکات، بۆ نموونە لە هەموو ڕستەیەکدا بکەر هەیە (جگە لەو ڕستانەی کار ناتەواون)، بەڵام مەرج نیە هەمیشە ئەم بکەرە ڕاستەقینە بێت و ئەنجامدەری کاری ڕستەکە بێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدەین:

(٩٨) هەودا بە کلیل دەرگاکەی کردەوە.

کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

دەرگاکە کرایەوە.

له هەرسێ ڕستەکەدا هەمان کار (کردنەوە) هەیە کە کارێکی چالاکە و پێویستی بە بکەرێکی زیندوو یان خاوەن هێز هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بکەری ڕێزمانی لە هەر سێ ڕستەکەدا یەك بەدوای یەك بریتین لە (هەودا، کلیلەکە، دەرگاکە).فیلمۆر بۆ ئەم کێشەیە پێشنیار دەکات کە گوێ بە بکەر یا بەرکاری ڕێزمانی نەدرێت، بەڵکو لە ڕێگای دۆخەوە چارەسەری بکرێت، بە جۆرێك وای دەبینێت کە دۆخی ناوەکان هەمان شتن لە هەر سێ رستەکەدا جا لە هەر شوێنێك دەرکەون بۆ نموونە (هەودا) لە دۆخی کارا (Agentive) و (کلیلەکە) لە دۆخی ئامێر (Instrumental) و (دەرگاکە) لە دۆخی بەرکار (Objective)دان لە هەر شوێنێکی ڕستەبن. بە سەرەنج دانی ئەم ڕستانەی سەرەوە دەبینین ناوەکان لە هەر سێ دۆخی (Agentive، Instrumental، Objective) توانیویانە ببن بە بکەری ڕێزمانی. فیلمۆر پێشنیاری ئەوە دەکات کە بیرۆکەی دۆخەکەی بریتیە لە "کۆمەڵەی جیهانی، چەمکی گریمانەی سروشتی و دیاریکردنیان لە زاراوەی سیمانتیکی". (پاڵمەر: ١٩٧٦: ١٣٢-٣٥)

بیرۆکەی دۆخ لای فیلمۆر پێشکەوتنی زیاتری بە خۆوە بینی بە تایبەت لەو ڕووەی کە باس لە کارەکان دەکات لە هەڵبژاردنی دۆخ، بە واتایەکی تر فیلمۆر کار دەکات بۆ ڕەگەزە سەرەکیەکەی ڕستە، کە بەهۆیەوە دۆخە پێویستەکان بۆ ڕستەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێت. بۆ نموونە کارێکی وەکو (کوشتن) پێویستی بەو فرەیزە ناویانە هەیە کە لە دۆخی Accusative و هەریەك لە دۆخەکانی Agentive و Instrumental یان هەردوکیان هەیە، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(٩٩) <u>پۆلیسەکە</u> <u>دزەکەی</u> کوشت.

Agentive Accusative

<u>پۆلیسەکە</u> <u>دزەکەی</u> <u>بە گولە</u> کوشت.

Agentive Accusative Instrumental

وەك زمانەوانان ئاماژەیان بۆ کردووە دۆخی Agentive دۆخی ئەو ناوانەیە کە ئەنجامدەری کارێکن بۆیە بە دۆخێکی زیندوویان داناوە واتە ئەو ناوەی لەم دۆخە دایە دەبێت

زیندوو بێت، کەچی بە سەرەنجدان لە دیاردە و ڕوداوەکانی دەوروبەرمان ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەو کە دەکرێت Agentive زیندوو یان زیندەوەر نەبێت، لە ڕستەیەکی وەکو:

(١٠٠) گەردەلولەکە بەهۆی وردە بەردەوە پەنجەرەکەی شکاند.

بکەری لۆجیکی و ڕێزمانی و دەروونی ڕستەکە (گەردەلولەکە)یە و ئەنجامدەری کارەکەشە. ئەگەر لە پشت گەردەلولەکە هێزێك یان کارایەکی تر شك ببەین ئەوا پاساوی تر هەیە کە ڕاستی قسەکانی سەرەوەمان دەسەلمێنێت. با سەرەنجی ئەم ڕستەیەی خوارەوەش بدەین:

(١٠١) کاوە پەنجەرەکەی شکاند.

ئەگەر (کاوە) لەم ڕستەیەی سەرەوەدا Agentive بێت ئەوا (گەردەلولەکە) بە هەمان شێوە لە ڕستەکەی سەرەوەدا Agentiveە، چونکە شکانی پەنجەرەکە لە لایەن کاوەوە لەوانەیە ڕوداوێك بێت یان کەسێکی تر پاڵی پێوە نابێت و لە دەسەڵاتی کاوە دەرچووبێت. (هەمان سەرچاوە: ١٣٦).
وەك لە باسی Agentive دا باسکرا مەرجی ئەم دۆخە بریتیە لە زیندویەتی و مەبەست یان ئارەزوو، بۆیە لە داڕشتنەوەی پێناسەی Agentive دا پێویستە مەرجەکانی تر لە پاڵ مەرجی زیندویەتیدا بە سەرەکی دابنرێن.

### ٣-٢-١ دۆخی تەواوکاری گوزارەیی:

هەندێك لە کارەکانی وەکو (کاری ئاڵۆزی تێپەڕ – Complex Transitive verb) هەندێك دۆخ تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن، لەوانەیە بۆ کاری تر نەشێت و نەگونجێت. (بڕوانە محەمەد مەعروف: ١٩٩٧: ٢٤١) ئەم کارانەش وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| (١٠٢) | زانین | من تۆ بە زیرەك دەزانم |
| | دانان | من تۆ بە زیرەك دادەنێم |

له قەڵەم دان          من ئێوە بە پیاو لە قەڵەم دەدەم

حسێب کردن          من ئێوە بە پیاو حسێب دەکەم

تایبەتێتی ئەم دۆخە لەوە دایە، کە جگە لە فرەیزە ناوییەکان فرەیزی ئاوەڵناویش وەردەگرێت، و لادانیان لە ڕستەدا واتای ڕستەکە دەشێوێنێت.

من تۆ دادەنێم

من ئێوە لە قەڵەم دەدەم

من ئێوە حسێب دەکەم

دەبینین لادانیان بووە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکان.

## ٣-٢ ڕەگەز (نێر و مێ) لە زمانی کوردیدا وەکو نیشانەی دۆخ

وەك لە (١-٤-٢)ی ئەم نامەیەدا ئاماژەی بۆ کرا، دۆخ و ڕەگەز تێکەڵی یەکدی دەبن بەهۆی هەندێك لە سیماکانیانەوە، بە تایبەتی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکانیان، بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکدی پێویستی بە شارەزایی و وردبینی هەیە، لەوێدا ئاماژەمان بۆ هەندێك لە جیاوازییەکانیان کرد، لێرەدا ئەم جیاوازیانە بەسەر زمانی کوردیدا جێبەجێ دەکەین.

زمانی کوردی بەهۆی دابەشبوونە جوگرافی و سیاسییەکەیەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان زارە جۆربەجۆرەکانیدا دروست بووە، بە تایبەتیش سیستەمی دۆخ و ڕەگەز تیایاندا، تەنانەت لە شێوەزارەکانی سەر بە یەك زاریشدا ئەم جیاوازیانە دەبینرێت، بۆ وێنە شێوەزاری هەولێر و سلێمانی هەردوکیان سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاستن، بەڵام جیاوازی بەرچاو دەبینرێت لە بوون و نەبوونی نیشانەکانی دۆخ لە نێویاندا. شێوەزاری هەولێر ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆجییانەی پاراستووە کە دەرخەری دۆخ و ڕەگەزەکانن. لە زمانی کوردیدا نیشانەکانی دۆخ یان دۆخە مۆرفۆلۆجییەکان بە زۆری لە ڕەگەز و دۆخی خستنەسەر (حەیدەر: ٢٠١٠: ٤٩)

و هەندێك جاریش لە دۆخی بانگکردندا دەردەکەون، جگە لە دۆخی بانگکردن لە هیچ شوێنێکی تردا نیشانەی مۆرفۆلۆجی لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا دەرناکەوێت، بەڵام لە زارەکانی تری وەکو کرمانجی سەروو و زاری هەورامیدا، نیشانەگەلێك هەن بۆ ناسینەوەی دۆخی ناوەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-٣-١ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بکەریدا:

لە زاری هەورامیدا ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت، بکەری ڕستە مۆڕفیمی دۆخ وەردەگرێت و نیشانەی ڕەگەزی نێر (ی)یە و ڕەگەزی مێ (یْ)یە:

(١٠٣) ئامانجی نانش وارد.

(ئامانج نانی خوارد)

ڕۆژانیْ نانش وارد.

(ڕۆژان نانی خوارد)

هەر لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ، زۆرجار لە بری مۆرفێمەکانی (ی، یْ) دوو مۆرفێمی تر بەکاردێن کە بریتین لە مۆرفێمی (Ø) بۆ نێر و مۆرفێمی (ـە) بۆ مێ:

(١٠٤) ئامانج نانش وارد.

(ئامانج نانی خوارد)

ڕۆژانە نانش وارد.

(ڕۆژان نانی خوارد)

لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و کاری ڕانەبردوو، بکەر دەکەوێتە دۆخەوە و بۆ ڕەگەزی نێر (Ø) و بۆ ڕەگەزی مێ (ـە) وەردەگرێت:

(١٠٥) کاروان وت.

(کاروان خەوت)

ڕێزانە وت.

(ڕێزان خەوت)

کاروان نان موەرو.

(کاروان نان دەخوات)

ڕێزانە نان موەرو.

(ڕێزان نان دەخوات)

هەموو ئەم مۆرفێمانەی بۆ دۆخی بکەری باسمانکردن لە دۆخی بانگکردندا نامێنن:

(١٠٦) کاروان نان بوەرە.

(کاروان نان بخۆ)

ڕێزان نان بوەرە.

(ڕێزان نان بخۆ)

ئەم خشتەیەی خوارەوە نیشانەکانی دۆخی بکەری لە زاری هەورامیدا ڕوون دەکاتەوە:

| جۆری کار | نیشانەکانی دۆخی بکەر | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| ڕابردووی تێپەڕ | ø / ی | ـە / یْ |
| ڕانەبردوو/ ڕابردووی تێپەڕ | ø | ـە |

(فەرەیدون: ١٩٩٨: ٨٥)

له زاری کرمانجی سەرووشدا نیشانەکانی دۆخ دەردەکەون لەسەر بکەر بۆ پیشاندانی ڕەگەزی بکەرەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ئەوا ڕێکەوتن لە نێوان بەرکار و کاری ڕستەکەدا دەبێت (سیفەتی ئێرگەتیڤی)، بەمەش بکەری ڕستەکە دەکەوێتە دۆخەوە و بەپێی تایبەتمەندی ڕەگەزەکەی نیشانەی ڕەگەز وەردەگرێت، کە بۆ نێر مۆرفێمی (ی) و بۆ مێ مۆرفێمی (ێ)یە، بەڵام ئەم دەرکەوتنە تەنها لە جێناوی کەسی سێیەمی تاک و ناوی تایبەتیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

(١٠٧) دلۆڤانی نامە نڤیسی. — دلۆڤانی دوو نامە نڤیسین.
(دلۆڤان نامەی نووسی) — (دلۆڤان دوو نامەی نووسی)
ئەڤینێ نامە نڤیسی. — ئەڤینێ دوو نامە نڤیسین.
(ئەڤین نامەی نووسی) — (ئەڤین دوو نامەی نووسی)
وی/ وێ نامە نڤیسی. — وی/ وێ دوو نامە نڤیسین.
(ئەو نامەی نووسی) — (ئەو دوو نامەی نووسی)

٢. ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردوو یان ڕابردووی تێنەپەڕ بێت ئەوا بکەر هەرچەندە دەکەوێتە دۆخەوە، بەڵام، هیچ نیشانەیەك وەرناگرێت:

(١٠٨) دلۆڤان/ ئەڤین دچت.
(دلۆڤان/ ئەڤین دەڕوات)
دلۆڤان/ ئەڤین چوو.
(دلۆڤان/ ئەڤین ڕۆیشت)

لە هەموو بارەکاندا مۆرفێمی (ان) کە نیشانەی کۆیە، لە هەمان کاتدا نیشانەی دۆخی بکەریشە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بەکاردێن، بۆ نموونە:

(١٠٩)		کچان گۆڤەندەك سازدا.

کوڕان گۆڤەندەك سازدا.

نەیاران کوردستان دابەشکر.

ئەم خشتەیەی خوارەوە نیشانەکانی دۆخی بکەری لە زاری کرمانجی سەروو ڕوون دەکاتەوە:

| جۆری کار | نیشانەکانی دۆخی بکەر | | |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ |
| ڕابردووی تێپەڕ | ی | ێ | ان |
| ڕانەبردوو/ ڕابردووی تێنەپەڕ | Ø | Ø | Ø |

هاوشێوەی زاری کرمانجی سەروو لە هەندێك شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا وەکو شێوەزاری خۆشناوەتی نیشانەکانی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ لە دۆخی بکەری دەردەکەون، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(١١٠)		ئەوی/ ئازادی دار بڕیبوو.

ئەوێ/ نازدارێ نامە نڤیسیبوو.

## ٢-٣-٢ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بەرکاریدا

لە زاری هەورامیدا بەرکار لەم حاڵەتانەی خوارەوە نیشانەکانی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، کە بۆ ڕەگەزی نێر (ی) و بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)یە:

لەگەڵ کاری ڕانەبردوو یان ڕابردووی ئیخباری بەردەوام یان فەرماندا، وەکو:

بۆ ڕانەبردوو

(١١١)		من کوڕەکەی وینوو.

(من کورەکە دەبینم)

من کناچەکیْ وینوو.

(من کچەکە دەبینم)

بۆ ڕابردووی ئیخباری بەردەوام

(١١٢) وەشڵەی نامەکەی نویسیْنیْ.

(خۆزگە نامەکەم دەنووسی)

ئەگەر بەرکارەکە ناسراو بێت بەهۆی:

ا/ مۆرفێمی ناسیاوییەوە یان جێناوی ئاماژە، کە ببێتە دەرخەری ناوەکە، وەکو:

(١١٣) ئا داریـە مسانوو.

(ئەو دارە دەکڕم)

ئا کوڕە زیرەکەیـە بارە.

(ئەو کوڕە زیرەکە بهێنە)

ب/ یان ناوەکە ناوی کەسێك بێت، واتە خۆی ناسراو بێت، وەکو

(١١٤) من کارزانی وینوو.

(من کارزان دەبینم)

من مەرجانیْ وینوو

(من مەرجان دەبینم)

بەرکاری نەناسراو و بەرکاری کاری ڕابردوو مۆرفێمی دۆخیان لەسەر دەرناکەویت:

(١١٥) من کوڕ وینوو.

(من کوڕ دەبینم)

من کناچێ وینوو

(من کچ دەبینم)

من کوڕەکەم کیاست

(من کوڕەکەم نارد)

من کناچەکێم کیاست

(من کچەکەم نارد)

ئەم خشتەیەی خوارەوە دەرکەوتنی نیشانەی دۆخی بەرکاری لە زاری هەورامیدا ڕوون دەکاتەوە:

| ئەو شوێنانەی دۆخی تیا دەردەکەوێت | نیشانەکانی دۆخی بەرکاری | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| لەگەڵ کاری ڕانەبردوو یان ڕابردووی ئیخباری بەردەوام | ی | یْ |
| بەرکار ناسراو بێت بەهۆی ناوی ئاماژە یان مۆرفیمی ناسیاوی، یان ناوی تایبەتی بێت | ی | یْ |
| بەرکاری کاری ڕابردوو | Ø | ـە |

له زاری کرمانجی سەرووشدا هەمان نیشانەکانی دۆخی بکەری (ی، یٚ، ان) لەسەر ئەو ناوانەش دەبینرێن کە دەکەونە دۆخی بەرکارییەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، ئەو ناوەی دەبێتە بەرکاری ڕستەکە مۆرفێمی دۆخی بەرکاری لەسەر دەردەکەوێت، کە بۆ نێر (ی) و بۆ مێ (یٚ) و بۆ کۆ (ان)ە، وەکو:

(١١٦) ئاکار دلۆڤانی دهنێرت.

سۆلاڤ ئەڤینیٚ دهنێرت.

وان کوڕان/ کچان دهنێرن.

له هەندێك شێوەزاری زاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا، هەندێك مۆڕفێم ماون کە نیشانەی دۆخی بەرکارین، وەکو مۆرفێمی (ی) لە شێوەزاری هەولێردا لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا.

(١١٧) ئەمن هەروژەی دەخۆم.

ئەمن نانی دەکڕم.

بەڵام لەگەڵ کاری ڕابردوودا ئەم مۆرفێمەش نەماوە:

(١١٨) ئەمن هەروژەم خوارد.

ئەمن نانم کڕی.

پێویستە ئەوەش بوترێت، کە نیشانەکانی دۆخ بەسەر ناوی شوێنەوە بە بەرفراوانی ماوەتەوە لە شێوەزاری هەولێر و دەوروبەری، و لەگەڵ هەموو دەمەکانی کاریشدا دەردەکەون، بۆ نموونە:

(١١٩) ئەمن دەچمە شاری. ئەمن چوومە شاری.

ئەمن دەچمە هەولێریٚ. ئەمن چوومە هەولێریٚ.

(ی، یٚ) نیشانەی دۆخن و بە گوێرەی ناوی گشتی و تایبەتی، ڕەگەزەکانیان دیاریکراوە.

### ٣-٣-٣ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا

بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە زمانی کوردیدا بەزۆری لەگەڵ پێشناوەکاندان. لە هەردوو زاری هەورامی و زاری کرمانجی سەرووی هەرناوێك بکەوێتە دوای پێشناوەکانەوە دەکەوێتە دۆخەوە و نیشانەکانی ڕەگەزی لەسەر دەردەکەوێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە زاری هەورامیدا :

(١٢٠) من زەڕم پەی کناچەکیْ کیاست.

(من پارەم بۆ کچەکە نارد)

من زەڕم پەی کوڕەکەی کیاست.

(من پارەم بۆ کوڕەکە نارد)

لە زاری کرمانجی سەروودا:

(١٢١) ماری ب کوڕەکی ڤەدا.

ماری ب کچەکیٚ ڤەدا.

ماری ب کوڕان/ کچان ڤەدا.

من کتێبەك هنارت بۆ ئاکاری.

من کتێبەك هنارت بۆ سۆلاڤیٚ.

من کتێبەك هنارت بۆ کوڕان/ کچان.

لە شێوەزاری هەولێریشدا هاوشێوەی زاری کرمانجی سەروو نیشانەکانی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینرێن، وەکو:

(١٢٢)		ئەمن بە کەرکوکێ دا دەڕۆم.

ئەمن بە گوندی دا دەڕۆم.

ئەمن لۆ کەرکوکێ دەڕۆم.

ئەمن لۆ گوندی دەڕۆم.

ئەمن لۆ گوندان دەڕۆم.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا نیشانەکانی (ێ، ی) مۆرفێمی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆن و نیشانەی ڕەگەزن بۆ ناوی تایبەتی و گشتی، هەروەها (ان) نیشانەی کۆیە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە.

### ٣-٣-٤ نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی خستنە پاڵدا

دۆخی خستنەپاڵیش یەکێکی ترە لەو شوێنانەی کە نیشانەکانی ڕەگەزی تیادا دەردەکەوێت. نیشانەی ئەم دۆخە لە زاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا پارێزراوە، بەلاّم جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا ناکات، بەڵکو بۆ هەردوو ڕەگەزەکە نیشانەی (ی) دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

(١٢٣)		بابی نێرگز.

بابی توانا.

لە شێوەزارەکانی وەکو کرمانجی سەروو هەورامیدا، هەمان شێوەی دۆخەکانی تر نیشانەکان بۆ نێر و مێ جیاوازن، و ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە دۆخەکە دەچێتە سەر دیارخراو و ئاماژە بە ڕەگەزی ئەویش دەکات، وەك لەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

لە زاری کرمانجی سەروودا:

(١٢٤)		بابێ وی.

دەیکا وی.

له زاری هەورامیدا:

(١٢٥) یانەو ئارامی.

(ماڵی ئارام)

یانەو ئاواتیْ

(ماڵی ئاوات)

# أم نجاه مكان

# ئەنجامەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

١. دۆخ لە ڕێزمانی دێریندا چەمکێکی ڕێزمانی هەڵدەگرێت، بەڵام لە ڕێزمانی نوێدا زیاتر دەچێتە بواری لێکدانەوە واتاییەکانەوە، لەبەر ئەمەشە زۆر جار بە تایبەتی لە دۆخی بنجی (Inherent Case)دا پەنا دەبرێتە بەر پێوەری ڕۆنانی ژێرەوە بۆ سەلماندنی بنجی دۆخەکە.

٢. خاڵی یەکەم وا دەکات لە ڕێزمانی نوێدا سنوور تێکەڵییەك لە نێوان دۆخ و ڕۆڵی بابەتانە (Theta Role) هەبێت، بگرە هەندێك زمانەوان بە یەکییان دادەنێن، بەڵام ئێمە پێمان وایە جیاکردنەوەیان لەوە دایە، لە بواری دۆخدا کار تەنها دۆخێك دەدات بە تەواوکارێك (یان هەر فرەیزێکی ناوی)، دۆخەکانی تر لە ڕێگەی سەرەی فرەیزەکانەوە دەبەخشرێت، کەچی لە ڕۆڵی بابەتانە ئەگەرچی هەر فرەیزێکی ناوی تەنها یەك ڕۆڵ وەردەگرێت، بەڵام هەموو ڕۆڵەکان لە ڕێگەی کاری ڕستەکەوە دەدرێت.

٣. سەرە نافەرهەنگییەکان (سەرەی ڕێزمانی) وەکو IP و CP و DP تەنها لە بواری دۆخ یان پێدانی دۆخ ڕۆڵییان دیار و دەرکەوتوو ترە، نەك ڕۆڵی بابەتانە.

٤. لە بونیادی ڕستەدا فرەیزە بەندەکان (ئەگەر ئاوەڵگوزارە بن یان تەواوکاری ناڕاستەوخۆ بن) لادانیان لە ڕستەدا لە هێزی کارەکە (تێپەڕ یان تێنەپەڕ) لە پێدانی ڕۆڵە واتاییەکان کەم ناکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی خاوەن کاری تێپەڕی ئاڵۆز ( Complex Transitive Verb)دا لادانی فرەیزی بەند (کە تەواوکەری گوزارەیی دەنوێنێت) ڕۆڵی کار لاواز دەکات و واتای ڕستەکە دەگۆڕێت.

**٥. له بواری دۆخ و بەستنەوەدا لە ڕستەی ئاڵۆزدا، ڕستەی شوێن کەوتوو ڕۆڵ و دۆخەکەی کە بە بکەر ببەسترێتەوە بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێت، سەرەتا دۆخ و ڕۆڵەکە لە (CP) واتە ئامرازی لێکدەر وەردەگرێت دواتر بەرەو بکەر و کاری ڕستەکەی دەبات.**

**٦. دیاردەی ئاسانبوونی زمانەکان و لەناوچوونی نیشانەکانی دۆخ، زۆرتر لە زمانی ئاخاوتندا ڕوودەدات، زمانی نووسین ئەو گۆڕان و ئاسانبوونەی خاوتر لێ ڕوودەدات.**

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردی:


١. ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠٨، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان– زانکۆی سلێمانی.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆژی بەشی یەکەم –ناو–، بەغدا.

٣. حەیدەر حاجی خدر، ٢٠١٠، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان– زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر.

٤. سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

٥. سەباح ڕەشید قادر، ٢٠١٠، تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە (١٦)، هەولێر.

٦. شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠٠٦، ناو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە– زانکۆی کۆیە.

٧. ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ٢٠٠١، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروووی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب– زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

٨. عادل ڕەشید قادر، ٢٠٠١، توخم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان– زانکۆی سلێمانی.

٩. فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٩٨، چەند لایەنێکی ڕستەسازیی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب– زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

١٠. ک. ک. کوردۆیێڤ، ١٩٨٤، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێرانی کوردستان موکریانی، چاپخانەی الادیب البغدادی.

١١. محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی.

١٢. محەمەدی مەحوی، ٢٠٠١، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

١٣. مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، ٢٠٠٦، دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا (کرمانجی سەروو)، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

١٤. نەبەز فەتاح بابەکر، ٢٠٠٩، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان– زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥. وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٦. یوسف شەریف سەعید، ٢٠٠٩، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، هەولێر.


## به زمانی عەرەبی:


١٧. مبارك مبارك، ١٩٩٥، معجم المصطلحات الالسنية، دار الفكر اللبناني– بيروت.

١٨. ميلكا أفيتش، ١٩٩٦، أتجاهات البحث اللساني، ترجمة سعد عبدالعزيز و وفاء كامل.

١٩. يحيى عبابنة و امنة الزعبي، ٢٠٠٥، علم اللغة المعاصر مقدمات و تطبيقات، الاردن.


## به زمانی ئینگلیزی:


20. Andrew Radford, 2006, Minimalist Syntax Exploring the structure of English, Cambridge.

21. Barry J. Blake, 2004, Case, Cambridge University, London.

**22. Bloomfield, leonard, 1933, Language, University of Chicago, George Allen & Unwin Ltd.**

**23. Cook V. J and Mark Newson, 1996, Chomsky's Universal Grammar, Blackwell publishers Ltd.**

**24. Corbbet G.G., 1979, The Agreement Hierarchy, Journal Linguistics, London.**

**25. Crystal D., 1980, Linguistics, pelican, Great Britain, London.**

**26. Crystal D., 2003, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell, Oxford.**

**27. Ellen Woolford, 2006, Lexical Case, and Argument Structure, University of Massachusetts.**

**28. Fattah M.M, 1997, Kurdish Generative Grammar, Amisterdam University press.**

**29. Fillmore Charles J., 1967, The Case for Case, The Ohio University,**

**30. Francis Katamba, 2006, Morphology, Macmillan, London.**

**31. Fromkin V., Rodman R. and Hymas N., 2002, An Introduction to Language, Thomson heinle, USA.**

**32. Gail Forey, 2002, Aspects of Theme and Their Role in Workplace Texts, University of Glasgow.**

**33. Halliday, M.A.K., 1994, An Introduction to Functional Grammar,**

**Edward Arnold, London.**

**34. Haig G.L., 2007, Alignment Change in Iranian Languages, Moutonde Gruxter, New York.**

**35. Kul Tigin, 2002, Turkish Language, The Free Encyclopedia, Bilge Khan, Istanbul.**

36. Matthews P.H., 2007, Oxford concise Dictionary of Linguistics, Oxford University.

37. Palmer F.R., 1976, Semantics A New Outline, Cambridge University, London.

38. Saza Ahmad Fakhry Boskany, 2001, A Contrastive Analysis of Agreement in Standard English and Standard Kurdish, M.A thesis, College of Arts – salahaddin University – Arbil.

39. Trask R. L., 1993, A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Routledge, London.

40. Trask R. L. and Peter Stockwell, 2007, Language and Linguistics The key Concepts, Routledge, USA, Canada.

41. Yongkil Jeong, 2003, Inherent Case vs. Structural Case Assignment, Seoul Women's University.

**ئینتەرنێت:**

42. Carina Jahani, 2003, The Case System in Iranian Balochi in a Contact Linguistic Perspective.
*http://www2.lingfil.uu.se/personal/carinajahani/jahani-sdr.pdf*

43. Vita Markman,
*http://www.vitamarkman.com/(S(pm4isbza0xyiyk450d0gzzea))/GetFile.aspx?File=pdf.*

44. Google Translation,
*http://translate.google.iq/?hl=en&tab=wT*

# خلاصة البحث

الموسوم بـ(الحالة الاعرابية في اللغة الكوردية) تدخل في اطار تحليل وصفي لهذه الظاهرة في المستويين (الصرفي و النحوي)، و ان كانت الرسالة تؤكد في تحليلها على اللهجة الكوردية الوسطى، و لكن طبيعة البحث تتطلب تناول نماذج متنوعة في اللهجات الاخرى، و ذلك لبرهنة مدى وجود هذه الظاهرة في اللغة الكوردية بصورة عامة و اللهجة الكوردية الوسطى بصورة خاصة.

يقع البحث في مقدمة و ثلاثة فصول:

تناول الباحث في الفصل الاول و الذي يحمل عنوان (الحالة الاعرابية في النحو القديم) التعاريف و مفاهيم الظاهرة و علاماتها و الروابط النحوية التي تتسم الحالة الاعرابية بها، مع التطرق الى هذه الظاهرة في اللغات الايرانية.

اما الفصل الثاني و المعنون بـ(الحالة الاعرابية في القواعد الحديثة)، يوضح الظاهرة في اطار النظريات النحوية الحديثة من حيث تركيبها (التحويل و التوليد)، ثم يتم عرض المعايير التي تلعب دوراً بارزاً في اعطاء الحالة الاعرابية صورتها، ثم بحث الظاهرة في البرنامج المصغر وفق نظرية تشومسكي (التحويلية و التوليدية).

الفصل الاخير، هو فصل تطبيقي للظاهرة في اللغة الكوردية و الذي يحمل العنوان نفسه، حيث يبحث الحالة الاعرابية من حيث الشكل و المضمون مستنداً الى طبيعة اللغة الكوردية.

النتائج المتوخاة من الرسالة و اهم المراجع تقع في خاتمة الرسالة.

# ABSTRACT

*This thesis is entitled "Case in Kurdish Language". It is a synchronic descriptive study of case at the morpho-syntactic level which mainly draws its materials from central Kurdish though sporadic references are made to other dialects of Kurdish.*

*The study comprises an introduction and three chapters.*

*The first chapter is entitled "Case in traditional grammar" in which the concept 'case', its definition and its grammatical realization have been explained as well as the syntactic relations it bears with agreement and gender. This chapter also gives a brief account of case in Iranian languages.*

*The second chapter entitled "Case in modern grammar" deals in the light of the modern linguistic theories, with case in terms of its compositions (both structural and non-structural). It also discusses the criterion involved in case assigning in addition to the treatment of 'Case' within the Minimalist Program.*

*The third chapter entitled realization of case in Kurdish tackles case in terms of the nature and peculiarities of Kurdish languages.*

*At the end of the thesis, the most important conclusion are outlined followed by a bibliography and abstracts in Arabic and English.*

Kurdistan Regional- Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University
Faculty of Humanity and Society Science.
Language School
Kurdish Language

# Case in Kurdish Language

A Letter

Brwa Rasul Ahmad

**Dedicated to (Faculty of Humanity and Society Science ) Koya University, and it's a part of M.A degree in Kurdish Language necessity.**

Supervised By

Assistant Professor Dr. Sabah Rashid Qadr

***2011***